





■ خاوەن ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر

**فەرهاد محەمەد**

Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین

**ماجید نووری**

■ سیاسەت و ناوخۆ:

**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**هێمن غەنی**
**شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:

**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**ڕۆشنە عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:

**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:

**شاخەوان جەعفەر**

■ بەڕێوەبەری ماڵپەڕ:

**چێنەر خالید**

■ بەرگ:

**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:

**کەمال ئاکرەیی**

■ پەیوەندییەکان:

**ئەیوب کوردی**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com
Mob: 07504349426
Ayoob_kurde@yahoo.com

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulan-media.com***

## نێچیرڤان بارزانی:

# وەک وەفاداری بۆ خوێنی شەهیدان دەبێ رۆژی ٣٠ی نیسان پێکەوە بچین بۆ دەنگدان و دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین



# با لەم هەڵبژاردنەوە هەوڵی ماڵئاواییکردن لەعێراق بدەین



عەبدولڕەحمان سدیق

چوار ساڵی دی دەگەینە ساڵی (٢٠١٨)، ئەو کات یادی تێپەڕبوونی (١٠٠)ساڵ دەبێت بەسەر تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهان و گەیشتنی هێزەکانی بەریتانیا بەکوردستانی باشوورو (١٠٢)ساڵیش بەسەر رێککەوتنامەی سایکس بیکۆدا.

ئایا ئەو کاتیش دەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی عیراق؟ یان ئەوسا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمانین؟

ئەم پرسیارە زۆر رەوایەو، وەڵامدانەوەیشی لەبەرژەوەندیی نەتەوەییماندا، رەوایەتی زیاتر بەدۆزە رەواکەمان دەدات بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، چونکە :

یەکەم : عیراق دەوڵەتێکی ناسروشتییەو پەککەوتووە: ئەم عیراقە ناسروشتیی و دەستکردە، رۆژێك زووتر بێتە هەڵوەشاندن بۆ ئاییندەی پێکهاتەکانی باشترە، عیراقێك کەبەهێز دروستکراو، هەر بەهێزیش مامەڵە دەکات، پێویستە بەهێزێکیش بێتە هەڵوەشاندن.

عیراقی هەڵگیرسانی شەڕی یەك لەدوای یەك، عیراقی گەندەڵیی و کێشە ئابوورییەکان و داڕووخانی

ژێرخان و شەڕی نێوان سوونەو شیعەو وێرانکاریی و نەبوونی خزموتگوزاریی و کێشەیەکی زۆرو لەرادەبەدەری هەڵپەسێردراو، بوونی حەوت ملیۆن عیراقیی لەخوار هێڵی هەژارییەوە، بەهەموو پێوەرەکان نموونەی دەوڵەتێکی پەککەوتووە.

بۆیە ئەمڕۆ ئەگەر کاربەدەستانی عیراق یەکپارچەیی و یەکگرتوویییان بۆ عیراق دەوێت، ئەوا تەنیا ڕێگەی ڕاگەیاندنی هەرێمە فیدراڵییەکان و دابەشکردنی ئازادانەو عادیلانەی دەسەڵات و سامانیان لەبەردەمدایە، بەپێچەوانەوەو لەسایەی بەردەوامیی ئاسەواری جەنگەکان و هەژاریی و کوشتارو تەقینەوەکان و تاکڕەوی سیاسییدا، ئەوا عیراق لەم دابەشبوونە ڕانەگەیەنراوەی ئێستای زیاتر دەڕوات و لەبارودۆخێکی دیکەدا ڕووەو دابەشبوونی ڕاستەقینە دەڕوات، چونکە عیراق ئەوساو ئێستاش قەیرانی ناسنامەی نیشتمانیی هەیەو کەمینە ئایینیی و مەزهەبیی و نەتەوەییەکان هێشتا ترسی سڕینەوەی ناسنامەی خۆیانیان هەیە.

شەڕو کوشتارو جەنگە زۆرەکانی ئەم عیراقەی ئەوساو ئێستا بەڵگەن لەسەر نەبوونی مافی هاوڵاتیبوونی وەك یەك و، بوونی ناعەدالەتیی نێوخۆیی، هەموو کاتێکیش ئەوە ناعەدالەتی نێوخۆییە کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ هاتنە ژوورەوەی عەدالەتی دەرەکیی و پێشوازی لێکردنیشی لەلایەن مافخوراوانی نێوخۆییەوە.

بۆیە کە دەسەڵاتدارانی عیراق لە فیدراڵیزم ناگەن یان نایانەوێت تێبگەن، ئەوا تاکە ڕێگە بۆ چارەسەر بریتییە لە هەڵوەشانەوەی عیراق و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان.

دووەم: یەکڕیزیی و تەبایی نێوخۆمان پێویستە:

لەدوای ئەم هەڵبژاردنەوە پێویستە وەك یەك تیم هەموومان کار بۆ دەوڵەتی کوردستان بکەین، پێویستە لەو ڕاستییە بگەین کە گەلی ئێمە لەزیاد لەبەرەیەکەوە لەململانێیەکی سیاسیی توندو سەختدایە بەرامبەر هەندێك هێزی سیاسیی عیراقی و هەندێك دامودەزگای چەند دەوڵەتێك، بۆیە ناکرێت ئێمە هەر لەبیری شەڕە قسەو لێدوانی نەخوازراوی ئەوتۆدا بین کە دڵی هیچ کوردێکی دڵسۆز خۆش ناکات.

بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان یەکریزیی و یەك هەڵوێستیمان دەوێت، با لەنێوخۆشماندا کێشەی لاوەکیمان هەبێت.

لەم چوار ساڵەی دادێت پێویستە ئەو ڕاستییە دووپات بکەینەوە کە ئێمە هەر بیرو بۆچوونێکمان هەبێت، دواتر ئەوە نیشتمانە کە ڕێنماییمان دەکات بۆ (خۆدۆزینەوە) لەم ئەرکە پیرۆزە، نەك (خۆدزینەوە) لێی!

بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەزموونەکانی دنیا پێمان دەڵێن کە سیاسەت نەوەی مێژووە، مێژووش نەوەی جوگرافیایە، جوگرافیاش ماڵی هاوبەشی هەموومانە، کەواتە با لەم جوگرافیا هاوبەشەوە کە کوردستانی هەموومانە، مێژووی هاوبەش و سیاسەتی هاوبەش بەرهەم بێنین.

سێیەم: سیاسەتی وزە، وزەی سیاسەتە بۆ کوردستان

جاران کە سیاسەت ئاراستەی بەجووڵەی ئابووری دەدا، ڕەنگە کێشەکانی کۆمەڵگە وەك ئەوەی ئەمڕۆ ئاڵۆزو گران نەبووبن، بەڵام ئەمڕۆ کە ئابووری ئاراستە بەجووڵەی سیاسەت دەدات، کێشەکان لەلای حکومەتەکان زیاد لەپێویست ئاڵۆزتر بوونە لەبەر نەمانی یان نەبوونی دیدگایەکی ڕۆشن کە بوارە لەپێشینەکانی ئابووریی دیار بکات.

بۆیە حکومەتەکانی یەکێتیی ئەورووپا، پاش گفتوگۆو شیکردنەوەی زۆر، گەیشتنە ئەو خاڵە سەرەکییەی کە دەڵێت: ئەمڕۆ ئەورووپا پێویستیی بەحکومەتی ئابووری هەیە، لەکاتێکدا دوێنێ پێویستیی بە ئابووریی حکوومەت هەبوو.

ئابووریی بەهێزو عەدالەتی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی هەر دەوڵەتێك کە دەیەوێت ئارامیی و سەقامگیریی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لە شەقامدا بەرقەرار بێت، لەبەرئەوەی تەواوی چالاکیی و کارەکانی دەوڵەت لەسایەی ئارامیی و هێمنیدا بەڕێوە دەچن، دەبێتە هەلێك بۆ بیرکردنەوە لەچارەسەری ڕیشەیی هەڵەکان وەك: ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی لای کەمی ژیانێکی خۆشگوزەران و بیمەی کۆمەڵایەتی و شوێنێکی نیشتەجێبوونی شایان بەمرۆڤ و، نەهێشتن یان کەمکردنەوەی ڕادەی هەژاریی و بێکاریی لەنێو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەو کەناری شارەکان.

لێرەوە دەگەینە ئەم هاوکێشە سادەو گرنگە لەیەك کاتدا، بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان:

هەوڵدانی دەرەکیی لەسەرخۆ + تەبایی سیاسیی نێوخۆ = کوردستانی سەربەخۆ.

# متمانەی هەولێرییەکان ئەرکی داهاتوومان قورستر دەکات



نەوزاد هادی تایبەت بۆ گوڵان

لە دوا ساتەکانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا کە ئێستا بەرەو نزیکبوونەوەی کۆتایی ڕۆژانی دەنگدان دەچین، ڕێزو خۆشەویستیمان بۆ سەرجەم دانیشتووانی پارێزگای هەولێر هەیە، هەردەم ئەم شارە بە سنگی فراوانەوە پێشوازی لە زۆربەی زۆری ڕووداو و بۆنەکان کردووە، بەتایبەتی ئێستا، بە حوکمی ئەوەی کە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە، ئەو بۆنەو بابەتانەش زۆربەی جار بوونەتە هۆکارێك بۆ ماندووبوونی خەڵکەکەی..

گەرچی بە حوکمی ئەوەی کە ئەم شارە بەدرێژایی مێژوو خزمەتی بە هەموو خەڵکێك گەیاندووە بە بێ جیاوازی لێکردن لە نێوانیان، هەولێر شارێکە ڕەمزی بەردەوامبوون و شارستانییەتی خەڵکی کوردستان بووەوهەردەم لە مێژوودا بە زیندوویێتی ماوەتەوە، هەر بەو شێوازەش توانیویەتی پێشوازی لە هەموو ئەو بەرپرسیارێتیانە بکات کە دەکەوێتە ئەستۆی، هاوکات خەڵکەکەشی بە سەبرو خۆڕاگرییەکی زۆرو گەورەوە لەگەڵمان بوون و ئێستاکەش بەرەو کۆتایی هەڵمەتەکانی بانگەشە دەڕۆین و لەم ڕۆژانەدا بەدڵنیاییەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچین.

هیواداریــن بە ئارامی و هێمنی و بەو شێوازە مەدەنیانەی کە هەردەم سیمای دیموکراسیەتە بە ڕێی بکەین، چونکە ئیتر ئەمە نەریتی هەڵبژاردنەو دەنگدانیش پەراوێزنەکردنی خەڵکەو لەم پرۆسەیەدا خەڵك زۆر گرنگن، چونکە هەر خەڵکەکە خۆی دەنگ و بڕیار دەدات کە کێ نوێنەری دەبێت و کێ دەسەڵاتدار دەبێت و لە هەموو بابەتێکدا بۆ متمانەپێدان دەگەڕێینەوە لای خەڵك و خەڵکیش دەستنیشانی ئەو کەس و لایەنانە دەکات کە بۆداهاتوو نوێنەری دەبێت، بەم شێوەیەش بەرپرسیارییەتێکی زۆر قورس و گەورەو زەحمەت دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسانەی کە متمانەیان لەلایەن خەڵکەوە پێدەدرێت، بۆیە هەڵبژاردن و دەنگدان بابەتێکی چارەنووسساز و زۆر گرنگەو پەیوەستە بە ئایندەمان و ئایندەی خەڵکەکەش خۆیانەوە، چونکە دیاریکردنی پرۆسەی حوکمڕانیشە و بەو شێوەیەی وڵات بە چ ئاڕاستەیەك دەبات و پێشی دەخات و ژیانی خەڵك چۆن دەگۆڕدرێت و


لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

**خەڵکی هەولێر بە سەبرو خۆڕاگرییەکی زۆرو گەورەوە لە هەڵمەتەکانی بانگەشەدا لەگەڵمان بوون و ئێستاکەش بەرەو کۆتایی دەڕۆین و لەم یەک دوو ڕۆژەدا بەدڵنیاییەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچین، هیواداریـن بەهەمان ئارامی و هێمنییەوە، بەو شێوازە مەدەنیانەی کە هەردەم سیمای دیموکراسیەتە بە ڕێی بکەین**

**هیواداریـن چۆن لە هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بە هێمنی و ئارامییەوە لایەنگران و دۆستانمان کاتەکانیان تێدەپەڕاند، هەر ئاواش بەو شێوازە لە ڕۆژی دەنگداندا کاتەکان بە هێمنی ببەنەسەر، تاوەکو بەهێمنی و ئارامییەوە هەر هەموو خەڵکەکە ڕوو لە سندوقەکانی هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەنەوە**

**نیشانە و بەڵگەکان زۆر جوان و ئاشکرا دیارن، کە زۆرینەی دەنگەکانی خەڵکی هەولێر پێشەکی لەلایەن خەڵکەکەیەوە بڕیاری پێشوەختیان داوە کە بۆ پارتی بێت، پارتی ئەوەی بەئیستیحقاقی خۆی زانیوە هاوکات بە ئەرکی خۆیشی زانیوە کە خزمەتی هەولێر و خەڵکیش بەبێ جیاوازی بکات**




چۆن ئاوەدانی گەشـــەپێدەدات و چۆن خەڵك بەرەو ژیانێکی خۆشگوزەرانی زیاتردەبات، وەك لە هەموو دنیای پێشکەوتندا ئەم حاڵەتە دەبینین..

ئەمەیە دیموکراســیەت کە دەرئەنجامەکانیشــی بە ئەرێنی لەسەر شارو خەڵکەکەی دەکەوێتەوەو ساڵانی رابردووش گەواهیدەری ئەو راســتیانەن، ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن لە ٢٠٠٥ خەڵکی هەولێــر زۆرینــەی دەنگی خۆیــان دا بە پارتی و پارتیش توانی بەپێی یاســا تەشکیلاتی کارگێڕی و خۆجێیەتــی پارێــزگای هەولێــر دابمەزرێنێت و خزمەتی پایتەخت بکات بەو شــێوازەی کە هەموو گۆڕانکارییەکــی ئەرێنــی بەســەر پایتەخــت و ئەو پێگەیەی ئێســتادا دەبینن چ لە باشــترکردنی ژیانی خەڵك و دەربازبوون بەرەو ژیانێکی باشــتر و خۆشگوزەرانتر و پێشــکەوتووتر چ پایتەختیش بەو شــێوازە پێشــکەوتووتر و لەڕووی سیاسیشەوە ئەو پێگە بەهێزەی ئەمڕۆی هەرێم و شــاری هەولێریش وەکــو پایتەخت کە هەیەتی بــە بوونی ئەو هەموو قونســڵییانەو ئەو ئاوەدانی و پێشکەوتنە گەورانەی لە هەولێر دەبینرێت..


ئێمــەش کە بەرەو هەڵبــژاردن دەچین، داواکارین لە خەڵك بەپێی ئەو ئیســتیحقاقەی پارتی دیموکراتی کوردســتان هەیەتی لە خزمەتکردن بەهاوسەنگیی سیاســیی و کە بەبێ جیاوازی پێشکەش بە هەموو خەڵــك و چین و توێژ و کــەس و لایەنێکی کردووە و خزمەتــی پایتەخت و حوکمڕانییەکی دروســتی تێدا ئەنجام داوە و ڕووخسارێکی جوانی حوکمڕانی کوردســتانمان تێدا نیشــانداوە کە بڕواشــمان بەو

# ٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

**ئەوە بڕیاری پارتی‌یە کە خزمەتکاری خەڵکی بێت و پارتیش بۆ کوردستان لەدایکبووە و پارتی بۆ ئەوە دروست نەبووە کە کەس ئیلغا بکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە دروست بووە کە خەڵکی کوردستان ئازاد و خۆشگوزەران بن و ژیانیان باشتر بێت، پارتی بڕوای بە دیموکراسیەت و شەراکەت هەیە، هەر بۆیەشە بە ئیستحقاقی خۆمانی دەزانین کە لەژیانی دیموکراسیەت و شەراکەت ئێمە بەڕێوەی بەرین**

**ئێمە مەبەستمان نییە کە خەڵک تووشی دڵەڕاوکێ بێت لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، هەتا لە وتەکانیشماندا بەرامبەر بەلایەنەکانی تر لە ساتەوەختانی بانگەشەدا خۆمان لەهەموو شێوازێکی خراپی بانگەشە دوور گرتووەو هێمنی شارمان پاراستووە**



شێوازەی حوکمکردن هەیە و بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین..
ئومێد دەکەین کە لەو هەڵبژاردنەشدا دەنگی ئەو خۆشەویستانەش لە هەولێر بۆ لیستەکەی پارتی بێت، بۆ ئەوەی ئەو کاروانی ئاوەدانیە و ئەو ئارامی و بەرقەراربوونی ئاسایشە و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنەی شار و تەواوکردنی پرۆژەکان و بەرەوپێشەوەبردن و گەشەکردنی هەولێری پایتەخت لە ئەستۆی ئێمەدا بێت و ئێمەش جارێکی تر بێینەوە بۆ ئەوەی لە خزمەتکردندا زیاتر بەردەوام بین، چونکە ئەو توانایەو ئەو شارەزاییەو ئەو دەستپێکەی کە پارتی دەستی پێکردووە هەر ئەوە دەتوانێت بە باشترین شێوە تەواوی بکات و ئەم کێبەرکێی هەڵبژاردنە دووربخاتەوە لەململانێی سیاسیی بۆ ئەوەی یەك





دەستانە متمانەدانەوە لە دەستی پارتی بێت و هەر پارتیش خزمەت و خەباتی بۆ هەموومان بێت، وەکو چۆن لەساڵانی رابردووشدا پارتی بۆ هەمووان بووە بەهەمان شێوە کاروانی خزمەتکردنی بەردەوام بێت.. هاوکات هیواخوازین دۆست و لایەنگران و هەواداران و خۆشەویستانمان چۆن لە هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بە هێمنی و ئارامییەوە کاتەکانیان تێدەپەڕاند، هەر ئاواش بەو شێوازە لە رۆژی دەنگداندا کاتەکان بە هێمنی ببەنەسەر، تاوەکو بەهێمنی و ئارامییەوە هەر هەموو خەڵکەکە روو لە سندوقەکانی هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەنەوە، چونکە ئێمە مەبەستمان نییە کە خەڵك تووشی دڵەڕاوکێ بێت لە رۆژی هەڵبژاردندا هەتا لە وتەکانیشماندا بەرامبەر بەلایەنەکانی تر خۆمان لەهەموو شێوازێکی خراپی بانگەشە دوور گرتووەو لە هێمنیدا شارمان پاراستووە، چونکە لە هەقیقەتدا پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان جیاوازەو ئێمە باسی پرۆژەو بەرنامەی ئاوەدانی و گەشەکردن و ئەو راستیانە دەکەین کە روویان داوەو سەلمێنراون کە پارتی لەساڵانی رابردوودا بە باشی جێبەجێیانی کردووە، پارتی کاتێك هەر بەڵێن و بڕیارێك بدات ئەوە بەبێ دوو دڵی و کەموکورتی جێبەجێی دەکات و لەکارو پرۆژە و بەرنامەکاندا هەوڵدەدەین بە باشی و بە جیددی ئەرکەکان جێبەجێ بکەین وەکو ئەوەی ئێستا لە پایتەخت دەیبینین.

لە هاتنی خەڵك بۆ لامان و ئەو مەراسیم و سەردانانەی بۆ سنووری پارێزگای هەولێر کردوومانە

## ٧٦

## لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان




لە كاتی هەڵمەتەكانی بانگەشەی هەڵبژاردندا ئەوە خۆشەویستی و دڵسۆزی خەڵكمان بۆ پیشان دەدات، كە ئەمەش بۆ ئێمە وەكو كاندیدەكان و وەكو پارتیش سەربەرزی و سەرفرازییە..

هەست دەكەین كە بەرپرسیاریەتیەكەمان زۆر گەورەتر بێت و دەبێت زۆر زیاتر هەستین بەخزمەتكردنی ئەو خەڵكە بەرێزو خۆشەویستانەمان و ئەو هاتن و بەسەركردنەوانەی خەڵك گەورەترین سەروەرییە بۆ مرۆڤ كە لەژیاندا بتوانێت بییان پارێزێت و بەرگری لە خەڵكەكە خۆی بكات و بەردەوام بێت لە خزمەتكردنی هەمووان بە یەكچاوەوە، هەروەها نیشانە و بەڵگەكان و زۆر جوان و ئاشكرا دیارە كە زۆرینەی دەنگەكانی خەڵكی هەولێر پێشەكی لەلایەن خەڵكەكەوە بڕیاری پێشوەختیان داوە كە بۆ پارتی بێت كە پارتی بەئیستیحقاقی خۆی زانیوە هاوكات بە ئەركی خۆیشی زانیوە كە خزمەتی هەولێر و خەڵكیش بە بێجیاوازی بكات و ئەو ئاوێتەیەش روویدا و بەردەوامیش دەبێت..

هەربۆیە بەدڵنیاییەوە دەیڵێمەوە خەڵك دڵەڕاوكێ نەیگرێت، با هەر هەموویان دەنگ بە پارتی دیموكراتی كوردستان بدەن، لەبەر ئەوەی پارتی بەهەموو باوەڕیەوە خزمەتكاری ئەو خەڵكەیە و دێینەوە بۆ خزمەتكردنیان، چۆنمان دەست پێكردووە، دوێنێی هەولێرو ئێستای هەولێر و سبەینێمان زۆر باشتر دەبێت، چونكە ئەوە بڕیاری پارتییە كە خزمەتكاری خەڵكی بێت و پارتیش بۆ كوردستان لەدایكبووە و پارتی بۆ ئەوە دروست نەبووە كە كەس ئیلغا بكاتەوە، بەڵكو بۆ ئەوە دروست بووە كە خەڵكی كوردستان ئازادبن و خۆشگوزەران بن و ژیانی خەڵك باشتر بێت، پارتی بڕوای بە دیموكراسیەت و شەراكەت هەیە، هەر بۆیەشە بە ئیستحقاقی خۆمانی دەزانین كە لەژیانی دیموكراسیەت و شەراكەت ئێمە بەڕێوەبەر بین، چونكە دەتوانین زیاتر خزمەت بكەین..

دووبارە بەو خەڵكە خۆشەویستە دەڵێمەوە لە دەنگدانیان بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان دوودڵ نەبن، چونكە بەدڵنیاییەوە پارتی بۆ هەمووانەو هەموانیش لە سایەیدا دەحەسێنەوە.



# زۆر سوپاسی خەڵکی هەولێر دەکەم توانیان بە هەموو رەنگە جیاوازەکان زەخرەفەیەکی دیموکراتی دروست بکەن

**عەلی حوسێن**

**بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان تایبەت بە گوڵان**

ئەمرۆ کە دواییــن رۆژی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانە، دەمەوێت پڕ بەدڵ سوپاسی یەکە یەکەی هاووڵاتیانی پارێزگای هەولێر بکەم کە بەشــێوەیەکی زۆر جوان و رێکوپێك و بە شــێوەیەکی دیموکراسییانەو مەدەنییانە زۆر بە هۆشیارییەوە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان بەڕێوە بــرد و هەموو رەنگە جیاوازەکان پێکەوە زەخرەفەیەکی دیموکراتیان دروســتکردبوو، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کلتووری هەولێرییەکان، ئەویش کلتووری نەرمونیانی و یەکتر قبوڵکردن و کوردایەتی و نیشــتمانپەروەرییە، ئەم نمایشــەی لە هەڵمەتــی هەڵبژاردنەکانی هەولێر بینیمان، پەیامێکی گرنکە بۆ ئێستاو ئاییندەی ئێمە کە بە راســتی گەیشتووینەتە ئەو ئاستە، کە هەر تاك و

لایەنێکی کوردستان بتوانێت گوزارشت لە بەرنامەو پەیامی خۆی بکات بەبێ ئەوەی کەسی دیکە بریندارېکات یان گرفتی بۆ دروست بکات. ئێمە وەك کادر و ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی بەرنامەی پارتی بۆ هەڵبژاردن و لە ژێر ڕۆشنایی پەیامەکانی سەرۆك بارزانی هەڵمەتی هەڵبژاردنمان درێژە پێدا و پابەندبووین بەو ڕێنماییانەی کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی ئەمنی دیارییان کردبوو.

ئەوەی لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنانە بۆ ئێمە وەك پارتی گرنگ بوو، ئەوەبوو هیچ لایەك سەرپێچی یان پێشلکاریی ڕێنماییەکان نەکات و خەڵکی پارێزگای هەولێر نیگەران بکات، گرنگتر لەمەش ئەوەبوو توانرا ئەو تابلۆیە پیشان بدرێت بەوەی کوردستان ڕەنگاوڕەنگە و هەموو لایەنێك شانازی بە بەرنامەی خۆی دەکات.

لەنێو ئەم هەمەڕەنگییەی هەولێردا، ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان هەستمان بەو شانازییە کرد کە هەولێرییەکان بە متمانەوە لە پشتگیریان بۆ لیستەکانی ٧٦ و ٢١٣ ئەوەیان دووپاتکردووە (هەولێر و پارتی لێك جودا نابێتەوە)، ئەم متمانەی هەولێرییەکان بە پارتیان بەخشیوە، تەنها متمانەی ئەمڕۆ نییە کە لە یەکدوو ڕۆژی داهاتوو لەسەر سندوقەکانیدا دووبارە دەیسەلمێننەوە، بەڵکو مێژوو گەواهیدەری ئەمەیە، کە هەولێرییەکان هەموو کات شانازی بە پارتی و ڕێبازی بارزانییەوە دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوەی دوێنێ ئەمڕۆی دروستکرد و ئەمڕۆش سبەی دادەهێنێت، خەڵکەکە ئەزموونی پارتی لەبەرچاوە لە سەقامگیری و حوکمڕانی و فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری و کاروکاسبی بۆ خەڵك، خەڵکێك هەیە لەم هەولێرە پارتی نییە وەك ڕێکخستن، بەڵام ئینتیمای کوردایەتی هەیە و لەو ڕوانگەیەوە پشتگیریی لە پارتی و پەیامی سەرۆك بارزانی دەکات، قەناعەتی بەوە هەیە لە حوکمڕانی پارتی و سەرۆك بارزانی ئاسایش دەستەبەرکراوە و ئایندەیەکی گەشیش لە بەردەمیانە.

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




بەرنامەمان کارکردنە لەپێناو خۆشگوزەرانی هەرتاکێکی شارە خۆشەویستەکەمان بەپێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری و بەرپاکردنی عەدالەتی کۆمەلایەتی و شەفافیەت لە کارکردن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەهەموو جۆرەکانیەوە.
کاردەکەین لە پێناو گۆڕینی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکی بەکاربەر بۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەر، پەلەکردن لە جێبەجێکردنی کەمەرەی سەوزی پایتەختی هەرێم و چارەسەرکردنی کێشەی ترافیک و پەرەپێدانی گواستنەوەی گشتی و بایەخدان بەتۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی.




بەڵێن دەدەم خزمەتکاری هەولێرییەکان و دانیشتوانی شارەکەم بم و هەوڵ دەدەم خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی زیاتر بەرەوپێشەوە ببرێت.
بەمتمانەی ئێوە شاری هەولێر ڕازاوەتر دەکەین و خزمەتی هەموو چین و توێژەکان دەکەین بەتایبەتی خانەوادە سەربەرزەکانی شەهیدان و باشکردنی باروگوزەرانی خانەوادەی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ.
هەوڵی ئەوە دەدەین باشترین و گونجاوترین هەلی کار بۆ گەنجانی پارێزگاکەمان دابین بکەین.



# بەرنامەی لیستی ٧٦
# پەروەردە و تەندروستی کۆڵەگەی پێشکەوتنە

لەبەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەردوو کەرتی تەندروستی و پەروەردە لە ریزبەندی پێشەوەی هەموو کارەکاندایە، ئەوەی دەتوانین شانازی پێوە بکەین ئەوەیە کە توانراوە هەتا ئێستا قوتابخانە و بنکەی تەندروستی بگەیەنینە هەموو شوێنێك لە کوردستان بە گوندەکانی سەر سنوریشەوە، بۆیە لە قۆناخی داهاتوودا لیستی ٧٦ی پارتی هەوڵدەدات ئاستی کوالێتی خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاستی کوالێتی خوێندن بەرزتر بکاتەوە بەمجۆرە:

- بەردەوام دەبین لە دروستکردنی قوتابخانەی زیاتر بۆ ئەوەی ریژەی قوتابیان لە هەرپۆلێکدا دابەزێنین بۆ ریژەی ١٦ قوتابی لە پۆلێکدا.
- قوتابخانەکان دەکەینە یەك دەوامی و کاتژمێرەکانی دەوامی قوتابخانە زیاد دەکەین، بە هاوشێوەی قوتابخانەکانی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی نەوەیەکی چەکدار بە زانستی هاوچەرخ پەروەردە بکەین.
- تایبەتمەندی دەدەینە قوتابخانەکانی دەرەوەی سەنتەری شار و شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان و هەوڵدەدەین مامۆستایانی دەرچووی ئەو ناوچانە لە شوێنی خۆیان دابمەزرێن.
- لەبواری تەندروستی هەوڵدەدەین تەواوی بەرنامەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان سەبارەت بە کوالەتی دەرمان جێبەجێ بکەین و رێگە نەدەین دەرمانی خراپ بێتە کوردستان.

٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




بەڵێـــن دەدەم کار بکـــەم بـــۆ خزمەتکردن و بەرزکردنـــەوەی باری بژێـــوی چینی هەژاران و پاراســـتنی مافی منـــداڵ و ئافرەتان، کار بۆ کەمکردنەوەی بێکاری بەگشـــتی و بەتایبەتـــی لەناو ئافرەتاندا بکەم. گرنگیدان بە جوتیـــاران و کرێکارانی وڵاتەکەم لە کارەکانمدا دەبێـــت. کاتی ئەوە هاتووە وەبەرهێنان و ئاوەدانی زیاتر رووبکاتە ناوچەکانی دەرەوەی شـــار تاوەکو پیشـــەی جوتیاران بۆ پێشەوە بچێت و دیاردەی کۆچکردن لەگوندەوە بۆ شار نەمێنێت .

وەک ئابووریناسێک داخوازی و پێداویستییەکانی چین و توێژەکانی نـــاو کۆمەڵگا دەکەمە ریزبەندی پێشـــەوەی کارەکانـــم، هەر کارو پرۆژەیەک دەکرێت پێویســـتە لەخەڵکـــەوە هەڵقوڵابێت، هەربۆیە پێویستە بە پرس و ڕا وەرگرتنی ئەوان جێبەجێ بکرێت .





● هەوڵدەدەین بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی تەندروســـتی هەولێر، تیمی تەندروستی و نەخۆشخانەی گەڕۆك بەردەوام سەردانی ناوچەکانی دەرەوەی هەولێـــر و گوندەکان بکەن، بۆ ئەوەی ببنە هـــاوکار و یارمەتیدەر بۆ ئەو نەخۆشـــخانە و بنکە تەندروستیانەی لەو ناوچانە هەن.

● ئێســـتا لە چوارچێوەی بایەخدانـــی حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان، ژمارەیەکـــی زۆر پرۆژەی دروســـتکردنی نەخۆشخانە لەســـنوری پارێزگای هەولێر لە ژێـــر جێبەجێکردندان، هەوڵدەدەین بەردەوام چاودێری کارەکانیان بکەین بۆئەوەی لەکاتی خۆی تەواو بێت و خزمەتی هاووڵاتیانی هەولێر بکات.

٢١٣
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



# هەوڵدەدەین
# هەولێرییەکان کێشەی نیشتەجێیان نەبێت

سروشتی تایبەتمەندی هەولێر جیاوازە لە سروشتی و تایبەتمەندی هەر پارێزگایەکی دیکە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کلتووری هەولێرییەکان بەوەی میوان دۆست و لێبوردەن، بۆیە ئەوەی هاتە ئەم پارێزگایە دوای ماوەیەك هەست دەکات بۆتە هاووڵاتیەکی هەولێر و ناتوانێت بەجێی بهێڵێت، هەربۆیە ئەگەر سەیری ئێستای دانیشتوانی هەولێر بکەین، ئەوا بە داتاو ژمارە دەتوانین بڵێین کە زیاتر لە ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ هەزار کەس لەهەموو شارەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵات و باکور و ڕۆژئاوای کوردستانەوە لەم شارە دەژین، ئەمە بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتیانی شارەکانی دیکەی عێراق کە لەبەر ناسەقامگیری و کارە تیرۆریستیەکانی شارەکانی باشور و ناوەڕاست ڕوویانکردۆتە هەولێر و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێبوون، لەلایەکی دیکە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و لە هەمانکاتدا پایتەختی ئاوەدانکردنەوەی هەموو عێراقیشە، بۆیە نزیکەی کونسولگەری ٣٠ دەوڵەت لەهەولێر کراونەتەوە، نووسینگەی زۆربەی زۆری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە ناحکومیەکان لەهەولێر کراونەتەوە، نووسینگەی سەدان کۆمپانیای گەورە لە هەولێر بوونی هەیە، لەلایەکی دیکە بەهۆی ئەو جووڵە و بازرگانیەی لە هەولێر دروست بووە، هەولێر وەك ناوەندێکی ستراتیژی ئابووری نرخی خانووبەرەی تیادا بەرز بۆتەوە، لەبەر ئەوەی

٧٦

# لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان
# بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان



هەنگاوەكانی پەرەپێدان بەو ئاراســتەیەن كە هەولێر دەبێتە ناوەندێكی گرنگی ئابووری لە ناوچەكە.

ئــەم بارودۆخە تایبەتــەی هەولێر وایكـــردووە كە كێشـــەی نیشـــتەجێبوون بوونی هەبێـــت، بەڵام بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، پارێزگای هەولێر بەرنامەی بۆ دروستكردنی یەكەی نیشـــتەجێبوونی مەرجدار هەیە بۆ ئەوەی خەڵكی كەمدەرامەت بە ئاســانی یەكەی نیشـــتەجێیان دەست بكەوێت، ئەم بەرنامەیە دەستی پێكراوە و بەردەوامی دەبێت و بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێدەكەم:

- بەرنامەی دروستكردنی یەكەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵكی كەمدەرامەت دەستی پێكردووە، ئەم بەرنامەیە لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت.
- ئــەو كەســانەی كە لــەم پرۆژانە ســوودمەند دەبن، دەبێت پێشـــتر لەوەرگرتنی زەوی یان یەكەی نیشتەجێبوون سوودمەند نەبووبن.
- هەوڵماندواوە ســەرژمێری بۆ ئەو خێزانانە بكەین كە كرێچین، بۆ ئەوەی ئەو ئامارەمان لەبەردەســتدا بێت و ئەولەویـــەت بدەین بەو خەڵكانەی كرێچین و ســـوودمەند نەبوونە لە وەرگرتنـــی زەوی و یەكەی نیشتەجێبوون.
- لەبەرنامەی لیستی ٧٦ دایە، كارئاسانی بۆ ئەو كوڕ و كچانە بكات كە هاوســەرگیری دەكەن و بۆ ئەمانیش بەرنامە هەیە كە یەكەی نیشـــتەجێبوونیان پێبدرێت بۆ ئەوەی ئاســـتی ڕێژەی هاوســـەرگیری بەرز بكەینەوە.




كاركردن لەپێناو بەرەو پێشچوونی ســەرجەم بوارەكان و باشتركردنی بژێوی و خۆشگوزەرانی ئەو چین و توێژانەی كە تا ئێستا داهاتەكانیان نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست.

كار دەكـــەم بـــۆ دروســـتكردنی ژمارەیەكـــی زیاتـــری قوتابخانەی هاوچەرخ بۆ بنبڕكردنی سێ دەوامی لـــە قوتابخانـــەكان. كار دەكەم بۆ دروستكردنی یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ مامۆستایان بە جۆرێک بێت كە مامۆســـتا بتوانێت لە مووچەكەی قـــەرزی مانگانە بـــدات، هەروەها بژێوی ژیانیشی پێ دابین بكات.




كار دەكـــەم لەپێنـــاو دۆزینـــەوەی هەلی كار بەتایبەت بۆ دەرچووانی زانكـــۆ پەیمانـــگاكان. لـــەرووی كۆمەڵایەتیشـــەوە گرنگیدانی زیاتر بە خانەوادەی شـــەهیدان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان و كرێكاران و بەساڵاچووان.

هەوڵ دەدەم زیاتر گرنگی بەو پرۆژانە بدرێت كە لەریزبەندی پێشـــەوەی خواســـت و ویســـتی هاووڵاتیانە و كاریگەریی لەسەر بەرەوپێشچوونی لایەنی خزمەتگوزاریی و باشتركردنی باری بژێوی ژیانیان دەكات.







# دابینكردنی خزمەتگوزاری كارەبا و ئاوی خواردنەوە

ئاشكرایە نەك لەهەولێر بەڵكو لەسەرانسەری كوردستان ژێرخانی خزمەتگوزارییە سەرەكیەكان نەك هەر نەبوون، بەڵكو بە ئەنقەست لەلایەن حكومەتەكانی عێراقەوە ئەم لایەنە فەرامۆشكرابوو، هەر بۆ نموونە قەدەغەبوو لە كوردستان سەرچاوەی بەرهەمهێنانی كارەبا هەبێت، تەنانەت ئەو كارەبایەشی لە دوكان و دەربەندیخان بەرهەم دەهات، راستەوخۆ سەر بەدەسەڵاتی ناوەندی بەغدا بوو و كۆنترۆڵی ئەم كارەبایە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان بوو، لە بواری ژێرخانی خزمەتگوزاری ئاوی خواردنەوە، لەناو سەنتەری شاری هەولێر سەرچاوەی سەرەكی دابینكردنی ئاوی خواردنەوە بیرەكانی ئاوی ژێر زەوی بوو، بۆیە دروستكردنی ئەم ژێرخانە لە سفرەوە دەستی پێكراوە و لەچوارچێوەی بەرنامەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان ئێستا لە پارێزگای هەولێر بەمجۆرەیە:

- لە سەرانسەری پارێزگای هەولێر بە ناوەندی شار و قەزاو ناحیە و گوندەكانیشەوە هەموویان پرۆژەی ئاویان بۆ ئەنجامدراوە، ئەم پرۆژانە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵی داهاتوو كێشەی ئاوی خواردنەوە چارەسەر دەكات.
- لە سەر ئاستی ناوەندی شاری هەولێر پرۆژەی ئاوی ئیفرازی سێ تەواو بووە، ئێستا بەرنامە دانراوە بۆ ئەوەی پرۆژەی ئاوی ئیفرازی چوار دەست



پێبکات، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی هەولێر پشت بە ئاوی سەرزەوی ببەستێت نەك ژێر زەوی.

- پرۆژەی ئاوی مێرگەســـور تەواو بووە، کە ئاوی پاك بۆ تەواوی ناوچەی مێرگەســـور و گوندەکانی دەوروبەری دابین دەکات.
- پرۆژەی ئاوی بێخاڵ- رواندز – سۆران تەواوبووە، کە ئاوی پاك تەواوی ناوچەکانی رواندز و دەوروبەری، شاری سۆران دابین دەکات.
- پرۆژەی ئاوی کڵێسە - کۆیە کە ئاوی خواردنەوە بۆ شاری کۆیە دابین دەکات.
- پرۆژەی ئاوی چۆمان کە ئاوی خواردنەوەی پاك بۆ چۆمان و دەوروبەری دابین دەکات.
- پرۆژەی ئاوی قەندیل – شەقڵاوە - مەسیف، کە ئاوی خواردنەوەی بۆ هەریر و شـــەقڵاوە و مەسیف دابین دەکات.
- سەبارەت بە کارەباش، ئێستا لە هەولێر دوو پرۆژەی گەورەی بەرهەمهێنانی کارەبا کار دەکات و کارەبای نیشتمانی گەیەنراوەتە دوورترین گوندی سەر سنور، هەروەها بەشێکیش دراوەتە کەرکوک.

# ٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




**هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی دادپەروەرانە پرۆژە خزمەت گوزارییەکان بگەیەنینە شاروشارۆچکە و دێهاتەکان هەروەها هەوڵی کەمکردنەوەی جیاوازی گوندو شـــارەکان دەدەم بە پرۆژەی خزمەت گوزاری زیاتر لەبەر ئەوەی دێهاتەکان ستوونێکی ســـەرەکی راگرتنی پێشکەوتنی شـــارەکانمانن، هەروەها زامنـــی ئابوورییەکی پێشـــکەوتووە بۆ وڵاتەکەمان بە گشتی.**

**هەوڵ دەدەم کار بکەم بۆ نەهێشـــتنی بێـــکاری و دۆزینەوەی هەلی کار بۆگەنجەکانمان، ژیانێکی شایستەتر بۆپیرو خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.**










# ڕێگاوبان و پێکەوەبەستنەوەی تەواوی پارێزگای هەولێر

جوگرافیای هەولێر، جوگرافیایەکی ستراتیژییە بۆ هەموو کوردستان و هەروەها بۆ بەشێك لەشارەکانی دیکـەی عێراقیش، هەروەها سروشـتی هەولێر بەو سـیفەتەی پارێزگایەکی گەشـتیارییە، هەرێمی کوردسـتان و دەوروبەریش پێکەوە گرێدەداتەوە، بۆیە بایەخدان بە ڕێگەوبان لە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پارێزگای هەولێر گرنگیەکی تایبەتی هەبووە، لـە قۆناخی یەکەمدا ڕێگەوبان بۆ تەواوی ناوچەکانی پارێزگای هەولێر دروستکراون، بەڵام لە ئێسـتادا هەنگاوەکان بەرەو پێشەوەتر چوون، بەرنامە بۆ دروسـتکردنی ڕێگەی خێـرا و ڕێگەی جووت سـاید بۆ ئەوەی هەم هەمـوو ناوچەکانی هەولێر لەگەڵ سەنتەری شار پێکەوە گرێبدرێنەوە، هەمیش هەولێر بە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە گرێبداتەوە لەوانە:

- ئێسـتا پرۆژەی ڕێگـەی هاملتۆن بۆ گۆڕینی



بـــە ڕێگەیەکی خێرای جووت ســـاید کە هەولێر بە کۆماری ئیســـلامی ئێران گرێدەداتەوە لە قۆناخی جێبەجێکردندایە، ئەم ڕێگـــە تازەیە چەندین تونێلی تێدایە و ڕاســـتەوخۆ حاجی ئۆمەران گرێدەداتەوە بە ناوەندی شـــاری هەولێـــرەوە و ڕێگەکەش زۆر نزیک دەکاتەوە.

- پرۆژەی ڕێگەی جووت سایدی هەولێر کۆیە، کە ئێستا وەك یەکێك لە پرۆژە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لە ژێـــر جێبەجێکردانەیە و بە تەواوبوونی ئەم ڕێگەیە ماوەی نێوان شاری کۆیە و ناوەندی هەولێر زۆر کەمدەبێتەوە.
- پرۆژەی جووت سایدی هەولێر ئاکرێ، کە ئەمیش بەرنامەی بۆ دانراوە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت.
- پرۆژەی ڕێگەی خێرا لـــە نێوان هەولێر زاخۆ بۆ ئەوەی راستەوخۆ هەولێر بە تورکیاوە گرێبداتەوە، ئەم پرۆژەیە ماستەر پلانەکەی تەواو بووەو لە بەرنامەدایە جێبەجێ بکرێت.

# ٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




کار بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانـــی ســـەرجەم پارێزگای هەولێر دەکەم بەبێ جیاوازی؛ ئەگەر لەنـــاو لیســـتی ٧٦ی ئەنجومەنی پارێزگا متمانەتان پێدام بەدڵسۆزی و ڕاســـتگۆیانە کار بـــۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییـــەکان بۆ ســـەرجەم ناوچەکانی پارێزگاکە دەکەم. هەوڵ دەدەم خزمەت بەســـەرجەم توێژی لاوان و قوتابیـــان و جوتیـــاران و کرێکاران و ئافرەتان و مامۆستایان بکەم . کار بۆ باشترکردنی سیستەمی تەندروســـتی و بەرزکردنـــەوەی ئاست و داشکانی نرخی چارەسەرە تەندروستیەکان دەکەم.




بەڵێـــن دەدەم بـــە هەمـــوو توانام خزمەتـــی خەڵکی هەولێـــر بکەم. بەرنامەی داهاتووم باشـــتر کردنی ڕەوشـــی پەروەردەیە کە لە خزمەت قوتابیاندا بێت تا تاکێکی ڕۆشنبیر و پڕ لە زانســـتی لێـــوە دەربچێ. هەروەها گرنگی تـــەواوم بۆ قەزا و ناحیەکانی دەوروبەر دەبێ، لایەنێکی دیکەش کەم کردنەوەی ئەو ڕۆتینەی لەناو دەزگاکانی حکومەتدا هەیە، من وەک بچووکترین کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕوای تەواوم بە توانا شـــاراوەکانی ئافرەتانیش هەیە، کە بە هـــۆی نەریتەوە زۆر جار ناتوانن تواناکانیان دەربخەن.




# گەشتیاری سەرچاوەی داهاتی گەورە بۆ هەولێر

لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشت و گوزار لە پارێزگای هەولێر دایڕشتووە، دیسان ناوچە گەشتیارییەکانی هەولێر دەبێتە هۆکارێك بۆ بەستنەوەی سەرجەم ناوچە گەشتوگوزارییەکانی کوردستان و گەشتیار کە سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەکات، دەتوانێت بە ئاسانی بگاتە تەواوی ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان، بەمەش گەشتیاری دەبێتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ هەولێر و تەواوی کوردستان، یەکێك لە نیشانەکانی پێشکەوتنی هەولێر، دەسنیشانکردنی هەولێر بوو وەك پایتەختی گەشتیاری بۆ ساڵی ٢٠١٤، بوونی هەولێریش بە پایتەختی گەشتیاری لە نێو ٢٣ وڵاتی عەرەبیدا مانای ئەوەیە هەولێر بووە هۆکاری ناساندنی تەواوی ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی

ولاَتانــی عەرەبی، ئەمەش دەروازەیەکی باشــە بۆ ئەوەی ئاستی گەشتیاری لە هەولێر لەسەر ئاستی لۆکاڵ و دەوروبەرەوە بگۆڕێت بۆ ئاستی نێودەوڵەتی و لە هەموو جیهانەوە گەشـــتیار ســـەردانی ناوچە گەشـــتیارییەکانی کوردســـتان بکات، بۆ ئەمەش لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەرنامەیدایە دەرگایەکی گەورە بـــەڕووی وەبەرهێنەراندا بکاتەوە بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لـــەم کەرتە گرنگە بکەن، بۆ ئەمەش بێجگە لەو پرۆژە گەشـــتیارییانەی ئێستا لـــە هاوینەهەواری شـــەقلاَوە و بێخـــاڵ و رواندز بوونیان هەیە، بەرنامەی پارتی بەوجۆرەیە شارێکی گەشتیاری لەسەر چیای ســـەفین دروست بکات، ئەم شارە ماســـتەر پلانەکەی تەواو بووە و ئامادەیە بۆ ئـــەوەی لە رێگەی وەبەرهێنـــان بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە.




٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




- ئاوەدانکردنەوەی هەموو گونـــدەکان بنەمایەکە بۆ بووژانەوەی کەرتی کشـــتوکاڵ و کۆڵەگەیەکی بەهێزە بۆ پێشخستنی ســـەرخان و ژێرخانی ئابـــووری هەر ولاَتێـــک، بۆیە بایەخی زیاتر بە گوندەکانی کوردســـتان دەدەم.
- زۆر گرنگـــە ئێمە کار بۆ ئەوە بکەیـــن ژێرخانی ئابووریمان بەرەوپێش بڕوات و هەلی کار بۆ گەنجان بدۆزینەوە و لە پرۆژە ئەهلییەکان بەکاریان بخەین.
- زیادکردنی کۆمپانیای وەبەرهێنانـــی ئابووری دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتی حکومەت و خۆشـــگوزەرانی زیاتر بۆ هاونیشـــتمانیان دەستەبەر دەکات.
- کار دەکەین بۆ دروســـتکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بە نرخێکی گونجاو بۆ کرێنشینەکان.
- کار دەکەین بـــۆ دابینکردنی بیمە و چاکترکردنی باری تەندروســـتی و دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بە ستاندەری جیهانی.

٢١٣

ليستى پارتى ديموكراتى كوردستان
بۆ هەڵبژاردنى ئەنجومەنى نوێنەرانى عێراق







# پرۆژەکانی زێراب و ئاوەڕۆ لە هەولێر

لە ناو شـــاری هەولێر پرۆژەکانی ئاوەڕۆ بایەخی پێدراوە، بەڵام بەرنامەی پارتی بۆ هەولێر ئەوەیە کە پرۆژەیەکی سەرتاسەری ئاوەڕۆی هاوچەرخ دروست بکات، ئەم پرۆژەیە ماستەر پلانەکەی تەواو بووە و دەرخســـتەی بۆکراوە کە نزیکەی یەك ملیـــار دۆلاری تێدەچێت، بۆیە بەرنامەی بۆ دانراوە بەچەند قۆناخێك جێبەجێ بکرێت و من پێشبینی دەکەم ئەمساڵ لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە قۆناخی یەکەمی جێبەجێکردنی دەست پێبکات.

٧٦

**لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان**




بەڵێن دەدەم كار بۆ چاودێری و باشتر كردنی پــرۆژە خزمەتگوزارییەكان بكەم و ڕێز لەویســت و خواســتی هاووڵاتیانــی پارێــزگای هەولێر بگرم. بەڵێنتان پێدەدەم خەمخۆری ئێوە بــم و بــارو گوزەرانی ژیانی خانەوادە سەربەرزەكانی شەهیدان و ئەنفالكراوان باشتر بكەم و كار بۆ گەنجان و ئافرەتان و كەمئەندامان بكەم .

لەبواری پەروەردەو تەندروستیشەوە كار بۆ باشتركردنی ئەو دوو بوارە دەكەم




هــەوڵ دەدەم بــۆ جێبەجێكردنــی كردنی بەرنامەی لیستی (٧٦) پارتی دیموكراتــی كوردســتان، چونكە بەرنامەی لیستی (٧٦) گشتگیرە بە جێبەجــێ كردنی چارەســەركردنی كێشــەكانی نیشــتەجێبوون و پەروەردە و تەندروســتی و گشــت بواری خزمەتگوزاری.



# پرۆسەی پاككردنەوە

لە بەرنامەماندایە بایەخێكی تایبەت بە پرۆســەی پاككردنــەوە بدەین نەك هەر لەناو شــار، بەڵكو لە شارو شارۆچكەو گوندەكانیش، دیارە ئەمەش لەڕێی كۆمپانیاكانەوە دەبێت كە سەركەوتنی باشیان بەدەست هێناوە كە پێشــتر شارەوانی ئەو كارەی ئەنجام دەدا، بۆ سەیرانگاكانیش كە كوردستان هەمووی سەوزاییە و خەڵكەكە ڕووی تێدەكەن، ئەو شــوێنانە كراونەتە زۆن، وەك شەقڵاوەو مەسیف و مێرگەسۆر و سۆران، كە بــۆ كۆمپانیاكان دیاریكراوە پاك دەكەنەوە، ئەمە ســەرباری ئەوەی كە چەند كارگەیەكی ریسایكلین لە مێرگەســۆرو ســۆران و حەریر دروستكراوە بۆ پاككردنەوەی خاشاك.







# بەرنامە بۆ گەنجان

پێویستە هەوڵ بدەین کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار دروست بکەین، بەڵام مەرج نییە هەموویان لە کەرتی گشتی دابمەزرێن، سیاسەتی حکومەتی هەرێم و پارتی ئەوەیە کە دەرفەتی کار دروست بکەین، کار لەسەر ئەوە دەکەین کە لەکەرتی تایبەت دەرفەتی کار دابهێنین، لە سیاسەتی کەرتی تایبەت هەندێ جار وەکو پێویست ئەم هەلە نەبووە کە بە راستی تاکی کورد یان کوردستانی کە گەنجە کاردەکات و دەرچووی زانکۆیە بیر لە دامەزراندن نەکاتەوە، ئەگەر ئێمە بە سیاسەتی پرۆژەکانی وەبەرهێناندا بچینەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو گەنجانەی کە خاوەن ئەزموونن، رەنگە خەڵکەکە روو لەمە بکات و سوودمەندیش دەبێت.

٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




● هەوڵی تەواو دەدەم لە پرۆژەی تواناســازی ئاســانکاری بۆ ئافرەتان بکرێت لە بوارەکانی تەکنیکی و دارایی و کارگوزاری بۆ ئەوەی بتوانن لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بخوێنن.

● هەموو هەوڵێک دەدەم بۆئەوەی ئافرەت پۆستی قایمقام و بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆک شارەوانی و بەڕێوەبەری ناحیەکان وەربگرن.

● ڕەخســاندنی خولی تایبەتی پیشــەیی بۆ ئافرەتان تا بتوانن ڕاهێنان بکەن لەسەر ئەو کارانەی حەزی پێ دەکەن و هاوکات خاوەن بڕوانامەکان دەرفەتی زیاتریان بۆ بڕەخســێت بۆ کار و دامەزراندن لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی.

● هەوڵدان بۆ دابین کردنی شوێنی مانەوە و پەروەردە کردنی ئەو منداڵانە کە بە هۆی بێ کەسیەوە لە سەرشەقامن.

● کار دەکــەم بۆ بایەخــدان بە نەخۆشــیەکانی ئافرەتــان بەتایبەتی شــێرپەنجەی مەمک و شــێرپەنجەی ڕەحم، ڕێگرتن لە هاتنی نەخۆشی زۆر گرنگترە لە چارەسەر کردنی، بۆیە هەوڵ دەدەم شوێنەکانی ڕاهێنانی پێشگری لەو نەخۆشیانە بکرێنەوە.

● هەوڵ دەدەدم بۆ نەمانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و چارەســەری ئەو ئافرەتانــەی بەهۆی توندوتیژییەوە جوانیەکانیان لەدەســت داوە. بۆیە هەموو توانام بۆ گەڕاندنەوەی جوانی ڕاســتەقینەی ئەو خوشکانە دەبێت لە ڕێگەی دوایین پێشکەوتنە پزیشکیەکانەوە.



# خاوەن پێداویستی تایبەت

بەرنامەیەکــی دیکەی لیســتی پارتی دیموکراتی کوردستان بایەخدانە بە هاووڵاتیانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەم بەرنامەیە دەستی پێکراوە و بەردەوامی دەبێت، بۆیە ئەگەر ســەیری ئــەو هۆتێل و مۆتێل و چێشــتخانە و باڵاخانە تازەکانــی دامەزراوەکانی حکومەت بکەین، هەســت دەکەین بایەخ بەم لایەنە دراوە و هەوڵــدراوە ئەگەر کەمئەندامێك بە عەرەبانە هاتووچۆ بکات بتوانێت ســەردانی ئەو شــوێنانە بکات، هەروەها ئەگەر سەردانی ئەو شوێنانە بکەین کە لەلایەن وەزارەتــی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دروستکراون، دەبینین تا چ ئاستێك خزمەتگوزاری پێشــکەش بە خاوەن پێداویســتی تایبــەت کراوە، هەروەها هەوڵدەدەین کە بە یاسا گوزەرانی ئەو توێژە دابین بکەین، چونکە مەسەلەیەکی مرۆییە، واتا بە سیستماتیك کردنی مامەڵەکردن لەگەڵیان کە لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو بگونجێت، بۆ نابیناو کورتەباڵا و نابیســت و پەککەوتەو سەرجەم ئەو توێژە بەنیازین هەندێ ئیمتیازیان پێبدەین لە بواری خزمەتگوزاری، بۆ نموونە دەســتکراوە بــە دابینکردنی شــوێنی تایبەت بۆ نانخواردنی ئەو خاوەن پێداویســتیانە لە چێشتخانەکاندا، هەروەها لە زۆر شوێن وەکو هۆڵەکان و فڕۆکەخانەو نەخۆشــخانەکان شوێنی تایبەت بۆ خاوەن پێداویســتیی تایبەت دروســت دەکرێت، تاکو لەرووی مرۆییەوە هەست بە کەمیی نەکەن.

٢١٣
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق




# بەرنامە بۆ ڕێگرتن لە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕێبازی بارزانییە و گونجاوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە ئافرەت، ئەگەر سەیری مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین دەبینین ڕۆڵی ئافرەتی بەرز نرخاندووە، وەکو پارتی پشتگیریمان لەو یاسایانە لەپەرلەمان کردووە کە لەبەرژەوەندیی ئافرەتاندا بووە، هەروەها کاردەکەین کە مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت مەدەنیانەو سەردەمیانە بن، ڕەچاوی پێگەی ئافرەتان بکرێت و پشتگیریی لەو ڕێکخراوانەش دەکەین کە داکۆکی لە ئافرەتان دەکەن، ئەگەر وانەبووایە هەر دروست نەدەبوون، دیارە ئەمەش بە حوکمڕانی پارتی ئەو دەرفەتانە هاتۆتە ئاراوە. بۆ ئەنجومەنی داهاتووی پارێزگای هەولێریش بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتان لە سەرۆك شارەوانی و بەڕێوەبەراتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەران دابنرێت، لەو جۆرانەشمان زۆر هەیە لە هەندێ فەرمانگە، بۆیە پشتگیریکردنی ئافرەتان نابێ تەنیا لەسەر بنەمای ئەوەبێت کە ئافرەتەو بەس، بەڵکو پشت بە تواناو لێهاتووییان ببەسترێت، بۆیە نابێ ئەوانەی بێ توانان ئەو پلەو پایەیان پێ بدرێت، پیاویش بە هەمان شێوە، وەکو لقی دووی پارتی مافی خۆشمانە کە لە هەڵبژاردن سەرکەوتن بەدەست بێنین لە پارێزگا ئافرەت و پیاوی بەتوانا بۆ شوێنی گونجاو دابنێین، بەڵام زیاتر پشتیوانیی لە ئافرەتان دەکەین. لە ڕابردوودا ئەزموونمان لەو بوارەدا هەیە و چەند بەڕێوەبەری ناحیەمان داناوەو هەوڵدەدەین لە داهاتوودا قایمقام و بەرپرسی دیکەی ئیداریش لە ئافرەتان دابنێین.

٧٦

## لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان



# بەشداری فراوانتان چارەنوسی هەولێر دیاری دەكات

دوای ٤٨ سەعاتی دیکە کە دەچینە سەر سندوقی دەنگدان، پەیامی من بۆ هەولێر ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنی رابردوودا تێبینیمان لەسەر رێژەی بەشداریکردن هەبوو، ٧٠٪ بەشداریان کردبوو، تموحی زیاترمان هەبوو، لەسەنتەری شار لە ٢٠١٣/٩/٢١ رێژەی ٦٧،١٣٪ بەشداری کردبوو، بەڵام ئێستا بەپێی دوا زانیاری نزیك بووە لە ٩٠٪ کە کارتی زانیارییان وەرگرتۆتەوە، بۆ ئەنجومەنی پارێزگا کار بۆ ئەوە دەکەین پارتی بە تەنیا لە هەولێر٥٠+١ بێنین، تاکو بتوانین وەك پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو پرۆژانەی ماون لە رێگەی ئەنجومەنی پارێزگاوە جێبەجێیان بکەین.




بەڵێن دەدەم ببمە خزمەتکارێکی بەوەفاو دڵسۆزی خەڵکی و بەبێ جیاوازی کار بکەم بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان. لەرووی گرنگیدانیش بەکەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و جینۆساید کار دەکەم بۆ باشترکردنی ژیانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاکە کەسیان، پەیامی من بۆ دەنگدەر ئەوەیە ئەنجومەنی پارێزگا بکەینە چاودێر بەسەر تەواوی کارو پرۆژەکان و فەرمانگەکان و رۆتین و بیرۆکراتیەت نەهێڵین و کارو مامەڵەی هاووڵاتیان بەبێ گرفت و بەشێوەیەکی مۆدێرن و خێرا بەڕێوە ببرێت .




بەرنامەی من بریتی دەبێت لەپشتگیری کردن لەفراوانبوونی دەسەڵاتە دارایی و ئیدارییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ ئەوەی وەکو سیستەمێکی سەرکەوتوو بچەسپێت، مامەڵەی هیچ هاووڵاتیەک دوانەکەوێت و خەمخۆری کارای خەڵکی شاری هەولێر دەبم. کار دەکەم تاوەکو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەبێ جیاوازی بگاتە هەموو شوێنێکی پارێزگای هەولێر، هەوڵی ئەوەش دەدەم توێژی گەنجان بێکار نەبن و کاری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە .




# قۆناغی زێڕینی هەولێر لە حکومڕانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستپێدەکات

**د. چنار سەعد عەبدوڵڵا**

ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان تایبەت بە گوڵان

لە پاش سالآنی ١٩٩٧ ئارامی و ئاسایش کە گرنگترین و بنەڕەتیترین پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگایە لە لایەن ئیدارەی پارتییەوە ڕیشەی لەو شارە خۆشەویستەو دەوروبەری داکوتاوە، کەمن ئەو شارانەی وەك هەولێری پایتەخت کە تا درەنگانی شەو بازاڕو شەقامەکانی جمەی بێت لە هاوولآتیان و خەڵکی گەشتیار.

هاوولآتیان ئەوەندە متمانەیان بە دەزگای ئاسایش و پۆلیسی هەولێر هەیە کە بێ خەم ماشێنەکانیان لە کوچەو کۆڵانەکان پارك دەکەن و دڵنیان لە پاراستنی سەرو ماڵ و ژیانیان.



هەر ئەو خاڵە گرنگەی ئارامی شاری هەولێرە بووەتە ئەوەی کە ئەمڕۆکە لە شاری هەولێر بە دەیان ڕێکخراوو کۆنسوڵخانەی بیانی بارەگایەکانیان بکەنەوە، تەنانەت ئەوانەشیان کە لە ناوچەکانی تری عیراق یان لە ئوردن و دەوروبەر بوون ئەمڕۆ هاتوونەتە کوردستان.

ئەمڕۆ لە شاری هەولێر نزیکەی(٣٠) کۆنسوڵخانەی وڵاتان هەیە وێڕای (١١٠٠) ڕێکخراوی NGO کە پێکهاتوون لە سەندیکاو ڕێکخراوە لۆکاڵ و بیانییەکان، کە ئەوانەش ئاماژەکردنە بە هەبوونی گۆڕەپانێکی فراوان بۆ کاری ڕێکخراوەیی و مەدەنی.

٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




- ئامانجم پرکردنەوەی بۆشایی لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا.
- کاردەکەم بۆ چاودێری یەکە ئیدارییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر، ڕاستە کاری زۆر جوان کراوە، بەڵام دەکرێ کاری باشتریش بکرێت.
- هەوڵی ئەوە دەدەین ڕێژەی ئافرەتی خاوەن پۆستی باڵا زیاد بکەین.
- بەحوکمی ئەوەی نەخۆشی شێرپەنجە لەنێو ئافرەتاندا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، کاردەکەم بۆ ئەوەی نەخۆشخانەیەکی گەورەی تایبەت هاوشێوەی نەخۆشخانەکانی پێشکەوتووی دنیا بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە لە هەولێریش دروست بکرێت.



شـــاری هەولێر لـــەو ڕووەوە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی کە هەر لە کۆنەوە شـــوێنی پێکەوە ژیانی چەندین پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاواز جیاواز بووە.
سیاسەتی پارتی لە بەڕێوەبردنی ئەو پارێزگای هەولێردا هەمیشە بەو ئاڕاستەیە بووە کە پێوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان پتەوتر بکات و هیچ یەك لەوان هەست بە پلە دوو بوون و جیاوازی نەکەن.
هەر لە شاری هەولێر، منداڵانی تورکمان بە هۆی هەبوونی قوتابخانەی تورکمانی بە زمانی دایکی خۆی دەخوێنێت و ئاشـــووری و سریان و کریستیانەکانیش بە زمانی خۆیان و ڕێزیش لە سەرجەم بەها ئایینی و کەلتورییەکانیان گیراوە.
لە زۆر شـــوێنی هەبوونی فرەڕەنگیدا هەندێکجار بۆتە هۆی دروســـتبوونی نائارامی و ناجێگیریی، بەهۆی سەردەســـت بوونی پێکهاتەیەك و چەوسانەوەی ئەوانی تر نموونەی هەرە زیندووش لەم بارەیەوە دەوڵەتـــی عێراقە کە بەهۆی یەکتر قبوڵ نەکردنەوە ڕۆژانە خەڵکانێك دەبنە ســـووتەمەنی ململانێی کائینی و مەزهەبی، کەچی بەهۆی حیکمەتی سیاســـەتی پارتی و سەرکردایەتییەکەی ئەو دۆخە لە کوردســـتان بە هیچ شێوەیەك بوونی نییە، بێگومان پشـــتیوانی و هاوکاریی گشتی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و خەڵکی کوردستان لەوەدا لەبەرچاون.

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان

پارتی و سیاسەتی پارتی بەكردارەوە ئەوەی بۆ هاووڵاتیانی خۆی و میللەتانی تریش سەلماندووە كە لەسەر ڕێبازی مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەری درێژە بە خەباتی خۆی دەدات، بەهۆی سیاسەتی پارتییە ئەمڕۆكە پایتەختی هەرێمی كوردستان بۆتە پەناگەی كوردی ڕۆژهەڵات و خەڵكی دیكەی لێقەوماو كە لەناوچەكانی دیكەی عیراق پەنایان بۆ ئەو شارە هێناوە، وێڕای فشاری ئابووریی سەرخۆمان، بەڵام لە پشتیوانیكردنی لێقەوماوان درێخیمان نەكردووە، كە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم هەڵوێستە مرۆڤدۆستانەیە پێگەی هەرێمی كوردستانی زۆر بەهێز كردووە.



سەبارەت بە كۆی ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانەش كە ئیدارە و نوێنەرانی پارتی لە پارێزگا و دامەزراوەكانی حكومەت لە سنووری پارێزگای هەولێر پێشكەشی هاووڵاتیانی كردووە بێ ئەندازەن و سیمای جوانی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بە ڕووخساری خەڵك و دارودیواری شار و گوندەكانی ئەو ناوچەیە دەبینرێت، بێگومان ئێمە نكوڵی لەوە ناكەین كە وێڕای ئەو هەموو خزمەتگوزارییانەی لەو سنوورە ئەنجام دراون كەموكوڕی داواكاریی هاووڵاتیان هەر لەئارادان، بەڵام كاتێك ژیانی خەڵك و ئاوەدانی ئەو شارەو ناوچەكانی دەوروبەری لەگەڵ چەند ساڵێكی پێشتر بەراورد دەكەین ئەوكاتە زیاتر درك بە گۆڕانكاری و پێشكەوتنەكان دەكەین.




كار و پرۆژەی داهاتووم لە بواری گەشت و گوزار و پەروەردە دەبێ، هەروەها ڕێكخستنی شێوازی دامەزراندن لە وەزارەتی پەروەردە. گرنگی داهاتووم زیاتر بە مامۆستایان دەبێ، لەلایەنی دامەزراندن و گواستنەوە و خزمەت كردنیان لە زۆربەی بواری ژیانیان، باشتر كردنی بواری گەشت و گوزار لە دەڤەری سۆران، تا خەڵك سوودی لێ وەربگرێ، هەروەها باشتركردنی بواری تەندروستی و كوالیتی دەرمان.




كار بۆ خزمەتكردنی خەڵك و كەمئەندامان دەكەم و هەوڵ دەدەم لەرووی خزمەتگوزاری و پرۆژەكانی ئاوەدانكردنەوە بایەخ و گرنگی بەسەرجەم گوندو ناحیەو قەزاكان بدرێت.
دەبمە خەمخۆری باری بژێوی ژیانی خەڵكی هەولێرو دەستەبەركردنی بیمەی تەندروستی و كۆمەڵایەتی.
كار بۆ دابینكردنی مووچە بۆ دەرچوانی زانكۆو پەیمانگاكان كە دانەمەزراون دەكەم. كار بۆ ئازادی لاوان و دابینكردنی مافەكانیان دەكەم و گرفت و كێشەكانی نیشتەجێبوونیان چارەسەر دەكەم.

٢١٣
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



لەماوەی حکومڕانی بەعسدا زۆربەی لادێکانی سەربەو پارێزگایە، چ ئەوانەی دەکەونە دەشتی هەولێرەوە چ ئەوانەشی دەکەونە ناوچە شاخاویەکانەوە، کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندەی بەعس و زۆربەیان خاپوور کران و تەنانەت بیری ئاو و کانیاوەکانیش بە چیمەنتۆ پڕکرانەوە.
کەچی ئەمڕۆکە زۆربەی ئەو گوندانەی لەجاران ئاوەدانترن و دەستی خزمەتگوزاری هەر لە ڕووی کارەبا و قوتابخانە و مزگەوت و ڕێگاوبان بۆ زۆربەیان گەیشتووە، ئەوەی ئەمڕۆکە جێگای سەرنج و خۆشحاڵییە ئەویش ئەوەیە کە ئەمڕۆکە بەهۆی بووژانەوەی باری بژێوی خەڵك وا خەریکە جووڵەو گەڕانەوە بۆ نیشتەجێبوون لە گوندەکان پەرەدەسێنێت، ئەوەی پارچە زەوییەکی کشتوکاڵی لە گوندەکان هەبێت هەوڵ دەدات لەسەر زەوییەکی خۆی نیشتەجێ بێت و رەز و باغەکان ئاوەدان بکەنەوە، ئەمەش جارێکی دی ئاماژەکردنە بە باشی ڕەوشی ژیانی خەڵك و هەبوونی ئارامی و متمانە، بۆنموونە لەبواری دابینکردنی کارەبا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی هێڵی کارەبای نیشتمانی بۆ(١٤٧٦) گوند ڕابکێشێت و تۆڕی کارەبا بۆ دوورترین گوندی سەرسنوور بڕوات.

هەر لە بوارەكانی دیكەی خزمەتگوزاری نموونەی كەرتی تەندروستی، حكومەتی هەرێمی كوردستان كە پارتی دیموكراتی كوردستان بەشداربوویەكی سەرەكییە تێیدا، توانیویەتی (٨٥) نەخۆشخانە و بنكەی تەندروستی دروست بكات كە سەنتەری شارو قەزا و ناحییەكانی گرتۆتەوە.

خزمەتێكی زۆری بواری دابینكردنی ئاوی خواردنەوە بەتایبەتی بۆ ناوشاری هەولێر بكات كە دەتوانین بڵێین كە وا خەریكە ئەو گرفتە بەیەكجاری چارەسەر بێت، هەروەها لەبواری چارەسەركردنی گرفتی كارەبا هەوڵی زۆر بەرچاو دراوە، بۆنموونە ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٦ ڕێژەی كارەبای پێویست تەنیا (١٤٥٧) مێگاوات بوویێت، لە ٢٠١٢ ئەو ڕێژەیە گەیشتە(٣٤٨٨) كە حكومەتی توانیویەتی بڕی (٢٧٠٠) مێگاوات دابین بكات، نەك هەر ئەوە ئەمڕۆ حكومەتی هەرێم كارەبا بە ناوچەكانی دەرەوەی سنووری هەرێمی كوردستانیش دەبەخشێت.



لە بواری پەروەردەش لە چەند ساڵی ڕابردوودا پارێزگای هەولێر توانیویەتی(٦٦٢) بینای قوتابخانە بۆ ئەو پارێزگایە دروست بكات و لە هەمان كاتیشدا (٣٧٢)بینای قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی و نۆژەن كراونەتەوە.

## لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان




- **گرنگیدان بە كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان دابینكردنی ژیانیان.**
- **دروستكردنی یەكەی نیشتەجێبوون بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەكانی كوردستان، بۆ ئەوەی كێشەی نیشتەجێبوونیان نەمێنێت .**
- **هەوڵدان بۆ كەمكردنەوەی كێشەی ئەو ئافرەتانەی كە فەرمانبەرن و دایكن بە دابینكردنی دایەنگە و بنكەی تەندروستی بۆ منداڵەكانیان .**
- **گرنگیدان بەو ئافرەتانەی كە لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان بەشداربوون، جا ئەو ئافرەتانەی كە لەگەڵ باوك و مێرد و براكانیان بوون یان ئەو ئافرەتانەی كە خۆیان پێشمەرگە بوون .**
- **گرنگیدان بە گەنجان و قوتابیان بەشێوەیەک كە هەموو قوتابیان لە پرۆژەكان سوود مەندبن .**

٢١٣
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



لەبواری نیشـــتەجێبوونیش شاری هەولێر و دەوروبەریش فراوانێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەوڵ دراوە پرســـی قەیرانی یەکەی نیشتەجێبوون لەو پارێزگایە چارەسەر بکرێت، هەر لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا ژمارەیەکی زۆر یەکەی نیشتەجێبوون وەك قۆناغی یەکەم دروست کرا کە بەخشرایە کەمدرامەت و کرێنشـــینان ، وەجبەی دووەمیش کە بریتین لە خانـــووی کۆرییەکان وا خەریکی جێبەجێکردنن، من ئاگادارم کە وەجبەی سێیەمیش بەڕێگاوەیە.

سەرەڕای ئەوە، هەر لە بواری نیشتەجێبوونەوە تا ساڵی **٢٠١٣** هەشتاو یەك هەزار و هەشت سەدو بیست و پێنج یەکەی نیشتەجێبوون بە خانوو شوقەی ئاست جیاواز بە گوژمەی هەشت ملیار و نۆسەدوچل و پێنج میلۆن دۆلار کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

# ٧٦

## ليستى پارتى ديموكراتى كوردستان
## بۆ هەڵبژاردنى ئەنجومەنى پارێزگاكان



له بواری گه‌شتیاری که که‌رتێکی زۆر گرنگه‌و خزمه‌ت به چاره‌سه‌رکردنی پرسی بێکاری ده‌کات له‌و سنووره، بڕی (٥٠)پڕۆژه‌ی گه‌شتیاری به گوژمه‌ی (٩٠٠)ملیۆن دۆلار خراونه‌ته بواری جێبه‌جێکردنه‌وه.




شه‌فافییه‌ت له کاره‌کانمدا ده‌که‌مه هه‌وێنی کارکردن تاوه‌کو ده‌ستکه‌وتی پرۆژه خزمه‌تگوزارییه‌کان به‌شێوه‌یه‌کی دادپه‌روه‌رانه‌و یه‌کسان بگاته هه‌موو هاووڵاتیه‌ک.
له‌بواری ته‌ندروستی و په‌روه‌رده‌شدا کار ده‌که‌م تاوه‌کو چیتر که‌موکورتی نه‌بێت بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵکی له‌رووی ته‌ندروستیه‌وه زیاتر له‌شساغ بن و نرخه‌کانی ده‌رمان و نه‌شته‌رگه‌ریی که‌م بکرێته‌وه‌و پۆله‌کانی خوێندن له‌قوتابخانه حکومییه‌کان هاوتای قوتابخانه ئه‌هلییه‌کان بێت.



پارتی دیموکراتی کوردستان سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که له‌ناوه‌نده ئیدارییه‌کاندا هه‌وڵی داوه که خزمه‌تگوزاری پێشکه‌شی گشت چین وتوێژه‌کان بکات، له هه‌مان کاتدا پشتیوانێکی سه‌رسه‌ختی پرسی ئافره‌ت و منداڵان بووه هه‌م له پاراستنیان له هه‌ڕه‌شه‌کان و هه‌م له دابینکردنی مافه مه‌ده‌نی و خزمه‌تگوزارییه‌کان ئه‌وه‌ی تا ئێستا له‌و بواره‌دا به‌رهه‌م هاتوون خۆی به خاوه‌ن و به‌شداری ده‌زانێت و به‌رده‌وامیش ده‌بێت له‌سه‌ر خزمه‌تکردنیان له ڕێگای داڕشتنی یاسا و دامه‌زراندنی دامه‌زراوه‌ی پێویست بۆ زیاتر بره‌ودان به ژیان و تواناکانی ئه‌م دوو توێژه گرنگه.




بەرنامەی تازەم پێیە بۆ دەسکاری کردنی سیاسەت و سیستەمی یەکەی نیشتەجێ بوون لەپاڵ کارنامەی لیستی (٧٦) تاوەکو چینی هەژاران و کرێ نشینان بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی یەکەی نیشتەجێ بوون، دەبێ هەموو ئەو کۆمپانیایانەش سزا بدرێن کە لە جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان کەم تەرخەمی دەکەن.

# لە سنووری پارێزگای هەولێر ٢٠٢٠٤ کەمئەندام و ٤٠١٣٤ کەس موچەی چاودێری خێزان وەردەگرن

د. ڕۆزە عەبدوڵڵا
بەڕێوبەری گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی



کار دەکەین بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەو یاساو ڕێنماییانەی کە تایبەتن بە منداڵانی بێسەرپەرشت، ئەمەش یەکێکە لەو پرەنسیپانەی کە دەبێت هەوڵی زیاتری بۆ بدرێت.

بۆ چارەسەری گرفتە جیاوازەکانی خێزان و کەمکردنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەلای خێزانەکان، چەندین هەنگاوی ئەرێنیمان هەڵگرتووە، لەوانە ئەکتیڤ کردنی سەنتەری چارەسەری دەروونی و هێڵی فریاکەوتنی منداڵان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان.

٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

■

لە ساڵی رابردوو (٧١) کەیسی ئافرەتان رەوانەی شەڵتەر کراون، لەو رێژەیە(٦١) کەیسیان چارەسەرکراون، ئێستا تەنیا (١٠) کەیسمان ماوە چارەسەری بکەین .شەڵتەرەکان دەبێت گرنگی زیاتریان پێبدرێ، چونکە ئەو کەسانەی لەوێن لەژێر هەڕەشەی کوشتندان، پێویستە بە هەموو شێوەیەك رێگری لە ئەنجامدانی تاوان بکەین.

■

تەنیا لەسنووری پارێزگای هەولێر(٢٠٢٠٤) کەس مووچەی کەمئەندامی وەردەگرن، ئەمانە بەگوێرەی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی مووچەیان بۆ براوەتەوە .(٤٠١٣٤) کەس مووچەی چاودێری خێزان وەردەگرن، ئەمە بێجگە لەوەی کە تا ئێستا (١٠٨٦) کەس مامەڵەی وەرگرتنی مۆڵەتی بەخێوکەری خێزانیان ئەنجام داوە.

■

یەکێك لە سەرەکیترین هەنگاوەکانمان دروستکردنی سەنتەری شیاندنە بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، چونکە ئەوانیش توانای کارکردنیان هەیە و پێویستە سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت، ئێمە چەندین بەرنامەی تریشمان هەیە، بەتایبەتی کردنەوەی سەنتەرێکی گەشەپێدان و راهێنانی ئۆتیزم و کردنەوەی ئامادەییەکی پێگەیاندنی نابینایان، بەڵام گرفتمان ئەوەیە ئێستا هەموو پرۆژەکان وەستاون و ئێمەش چاوەڕوانی کابینەی نوێ دەکەین. کە هەوڵەکانی پێکهاتنی تا ئێستاش بەردەوامە.




**● ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە لەکوردستان دەبیندرێ بەهەوڵ و هیممەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست بووە، پارتی بەردەوام هەوڵی داوە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافەکانی ئافرەتان جێگیر بکات و، داهاتی تاك بە هەردوو رەگەزەوە زیاد بکات.**

**● هەموو هەوڵەکانم بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان دەخەمەگەڕ، زۆریش پێویستە ئافرەتانی ئێمە لە بواری سیاسیدا کار بکەن، چونکە بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی گەندەڵی کەمتر دەکاتەوە.**

# دەزگای خێرخوازی بارزانی خزمەتکاری هەژاران و منداڵە بێنازەکانی کوردستان

٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




کار بۆ پێشخستنی بواری وەرزشی لەپارێزگای هەولێر دەکەم و کۆلێژی پەروەردە و هۆڵ و یانەو یاریگا گەورەکان زیاتر پەرەیان پێ بدرێت، هەوڵ دەدەم بتوانم کۆمەڵگایەکی وەرزشی هاوچەرخ دروست بکرێت، کار بۆ زیاتر پێشخستنی هەردوو کەرتی پەروەردەو تەندروستی دەکەم، کار بۆ ئەوە دەکەم هۆشیاریی و چاودێری تەندروستی زیاتر پێشبخرێت. کارەکان و پرۆژەکان رێچکەیان گرتووە کاتی ئەوە هاتووە هەوڵی رێکخستن و بەرزکردنەوەی کوالێتی و پێشخستنی پرۆژەکان بدەین.




بەڵێن دەدەم بەبێ جیاوازی کار بۆ خزمەتکردنی سەرجەم هاووڵاتیان بکەم و چاودێری جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان بکەم. هەروەها گرنگیەکی تایبەتی بەدابینکردنی هەلی کار دەدەم و کار بۆ دروستکردنی شوێنی شیاوی نیشتەجێبوون بۆ گەنجەکان دەکەم کە لەرێگای هەلی کارو دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونەوە زۆربەی گرفتی گەنجان چارەسەر دەبێت. لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە خۆم بەخزمەتکاری کەسوکارو خانەوادە سەربەرزەکانی شەهیدان و ئەنفال دەزانم.

دەزگای خێرخوازی بارزانی کە دەزگایەکی ناحکومی خێرخوازیی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و مرۆییە بەبێ جیاکاریی بیروباوەڕو ئاین و رەگەزو ئینتمای ئیتنی کارە مرۆییەکانی لەسەرانسەری کوردستان دەست پێکردووە. لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لەو پرۆژەو کارو چالاکییە خێرخوازییانە دەدەین کە لەماوەی رابردوودا ئەنجامدراوە.















● لەپرۆژەی چاودێــری ئازیزاندا بە٢ قۆناغ هاوکاری بەســەر نزیکەی ١٠ هەزار منداڵــی بێباوکدا بۆ هەر چوار مانگ جارێك دابەش دەكات.

● لەكەركــووك منداڵانی بێباوكی بەســەركردەوە (مووچەی چوار مانگی بەســەر ١٠٠٠ منداڵی بێباوك دابەشــكرد؛ بۆ جــاری دووەم ٢٠٠ هەزار دۆلاریی بەسەر منداڵانی بێباوك دابەشكرد.

● لەكەلار مووچەی ٦ مانگ بەسەر ٢٣٤ منداڵی بێباوكدا دابەش دەكات.

● لەشارەكانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك و گەرمیان مووچــەی ٢ مانــگ بەســەر ٤١٦٦ منداڵانی بێباوكدا دابەشكرا.

● بەبۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆز لە ٢٠١٣/٧/٢٧ لەسەرتاســەری هەرێم دەســتكرا بەدابەشكردنی مووچەی ٦ مانگ بەسەر منداڵانی ئازیز (بێباوك) كە ٣٤٩٩ منداڵ سوودمەند بوون.

● لە٢٠١٢/١٢/١١ لەشاری هەولێر بەشی دووەمی پرۆژەی ئازیزان راگەیەنرا.

● پێداویستی خوێندن بەسەر زیاتر لە ٣٠٠ منداڵانی كەمدەرامەتی ناو شاری سلێمانی دابەشكرد.

● بەهاوكاری مانگی ســوری ئیماراتی هاوكاری مانگانەی بەسەر ٥١٨١ منداڵ دابەشكرد.

● لەناوخــۆی هەرێمی كوردســتان و لەناوخۆی رۆژئــاوای كوردســتان هــاوكاری گەیەنراوەتە ئاوارەكانی رۆژئاوای كوردستان.

● بەهاوكاری رێكخراوی (شێڵتەر بۆكس) خێوەتی بە هەموو كەرەستەكانییەوە بۆ پەنابەرانی كوردانی رۆژئاوا لەكەمپی دۆمێز دابین كردووە.

# ٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




● مــن پەروەردەکراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتانم، لەیەکێک لەکۆنگرەکان ئێمــەی ئافرەتان هەوڵی زۆرمانــدا و پێداگیریمان کرد بۆ ئەوەی ســکرتێری لاوان ئافرەت بێــت. بۆیە پێویســتە ئافرەتان زیاتر بەشداری چالاکی سیاسی بکەن.

● دانانی دایەنگەی تایبەت بە فەرمانگەکان ئەرکی ئافرەتانی فەرمانبەر و چالاکانی حزبی و ئیداری سووکتر دەکات، هەروەها دەرفەتیشە بۆ ئەوەی ئافرەت لە ئەرکەکەی دانەبڕێت.

● هەوڵ دەدەین ســەنتەرێکی گەورە بۆ چارەســەرکردنی ئەو ئافرەتانە بکەینەوە کە بەهۆی ســووتانەوە جوانییەکانیان لەکەدار بووە. ئامانج لەم ســەنتەرە بۆ ئەوەیە هەم چارەســەری جوانکاری و هەم چارەسەری دەروونی بە خۆڕایی پێشکەش بەو ئافرەتانە بکات، بۆ ئەوەی بە ئاسانی تێکەڵی کۆمەڵگە ببنەوە.

● دەبمە پارێزەری راســتەقینەی کچان و ئافرەتان و ئەو کارانە و تێکڕای کارەکانی دیکە کە خزمەت بە هاوڕەگەزەکانم دەگەیەنێت.








دەزگای خێرخوازی بارزانی







- کارگەیەکی مافووری دەستی لە شارەدێی شێلادزێ سەر بەپارێزگای دهۆك دامەزراندو خولی فێربوونی مافوورچنین بۆ ئارەزوومەندانی ناوچەکە کردەوە.

- بەهاوکاری ڕێکخراوی wfp مانگانە ئازووقە بەسەر کەمپی دۆمیز دابەش دەکات.

- بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە پێداویستی خۆراکی بەسەر ٣٠٠٠ خێزانی کەمدەرامەت لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان دابەش کرد.

- لە٢٠١٢ پێنج تیمی پزیشکی لە وڵاتی ئەڵمانیاو بەریتانیاوە هێناوەتە کوردستان و پشکنینیان بۆ پەنابەرانی کەمپی دۆمیز لەدهۆك کردووە زیاتر لە ٨٥٠ نەخۆشیان بینیوە.

- لەرێگای هێنانی پزیشکی پسپۆرو تیمەکانی پزیشکیەوە بەتایبەتی لەهەردوو وڵاتی ئەڵمانیاو بەرتانیا بەسەدان هاووڵاتی چارەسەریی پزیشکی و نەشتەرگەرییان بۆ کراوە.

- بەهاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان چەندین هاووڵاتی نەخۆش کە چارەسەریان لەکوردستان نەبووە رەوانەی دەرەوەی وڵات کراون.

- هاوکاریکردنی ٧٥ خێزانی هەژارو کەمدەرامەت کە منداڵی نەخۆش و خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە.

- جەژنانەی بەسەر ٣٠٠ منداڵی بێباوك لە ٩ کەمپی ئاوارەکانی کوردستان دابەشکرد بۆ هەر منداڵێك ١٠٠ دۆلار.

- لەرۆژی جیهانی منداڵانەوە هاوکاری بەسەر ٢١٠ منداڵی بێسەرپەرشت و کەم دەرامەت لەسنووری پارێزگای سلێمانی دابەشکردووە.

# ٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




پەیامی من بۆ وەرزشوانان روون و ئاشکرایە لەوانە دروستکردنی یاریگایەکی نێودەوڵەتیی یان دروستکردنی شارێکی گەورەی وەرزشی لە هەولێر بۆ ئەوەی بتوانێ میواندارێی گشت خول و پاڵەوانییەتییەکان لەسەر گشت ئاستێک بکات، گەڕانەوەی رێزلێنان بۆ وەرزشوانە دێرینەکان، درووستکردنی چەندین یاریگای گەورە بۆ تیپە میللییەکان تا یاریزانی بە ئەزموون پێ رابگەیەنین، دروستکردنی چەندین یاریگاو هۆڵی داخراو بۆ یارییەکانی گۆرەپان و مەیدان بۆ کوڕان و کچان و یاریگایەکی تایبەت بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان.




کار دەکەین بۆ پێشخستنی بوارەکانی سەرمایەگوزاری و هێنانە پێشەوەی سەرمایەگوزاری پێشکەوتوو، هەوڵ دەدەین گرنگی بە بواری ئابووری کۆمەڵایەتی بدرێت و هانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان بدرێت بۆ پێشخستنی لایەنە ئابورییەکان و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری، هەوڵ دەدەین هەلی کار بۆ گەنجان بدۆزینەوە لە پرۆژە ئەهلیەکان بەکاریان بخەین. بەرنامەم بۆ چارەسەری کێشەی گەنجان هەیە بەدروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بەنرخێکی گونجاو ئەمەش دەبێتە هۆی چارەسەری بەشێکی زۆر لەکێشەکان .



٢١٣
ليستی پارتی ديموكراتی كوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق









٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

● دەیان خـــول لەبوارەکانی کۆمپیوتـــەرو دورمان و کشـــتوکاڵ و بەهێزکردنی زمـــان بۆ گەنجان و ئافرەتان کردۆتەوە.

● لەپێناو بوژانەوەی زیاتری گوندەکان تەرەکتۆری رەزگەریی و پێداویســـتی کشـــتوکاڵی بەسەر ٨١ جوتیار دابەشکرد.

● لەدەڤـــەری رانیەو قـــەڵادزێ چەند پرۆژەیەکی چاککردنەوەی رێگاوبـــان و دابینکردنی موەلیدەو دروستکردنی هۆڵی بۆنە ئاینیەکان و نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی لەخۆ گرتبوو.

● بـــۆ هاوکاریکردنـــی لێقەوماوانی کارەســـاتی بوومەلـــەرزە لەباکوری کوردســـتان ٢٠٠ خانووی پلاستیکی بەسەرجەم پێداویســـتیەکانی کابینەی تایبەتەوە بۆ شـــاری (وان)ی باکوری کوردســـتان نێردرا.

● گەیاندنـــی هـــاوکاری بۆ خێزانـــە ئاوارەکانی پارێزگای ئەنبار.

● لەدووزخورماتـــوو ٥٠٠٠ قوتابـــی و لەداقـــوق ٢٧٠٠ و لەجەلەولا ٨٧٤ قوتابی جانتایان بەسەردا دابەشکراوە.

● بنکەیەکی تەندروستی لەشنگال و نۆرینگەیەکی نەخۆشیەکانی چاو لەهەولێر کرایەوە.

● ١٣ ئۆتۆمبێلی ئەمبوڵاس نێردراوەتە رۆژئاوای کوردستان.

● هاوکاریـــی نەخۆشـــخانەی هیـــوای تایبەت بەنەخۆشی شێرپەنجە لەسلێمانی کردووە.

● هاوکاری بەسەر ١٠٠ خێزانی ئاوارەی سەعدییەو ٢٠٥ خێزانی دیکە لەکەمپی ئاکرێ .




**● ئامانجم دروستکردنی نەخۆشخانەی گەورەیە بۆ نەخۆشییە سەختەکان، بۆ ئەوەی لە کوردســـتان چارەسەر بکرێت. ئەو پرۆژەیەشم ئێستا لەژێر جێبەجێکردندایە، کاری زیاتریش بۆ خزمەتکردنی هاوولاتییان دەکەم.**
**● زۆر کاری پێویست هەن بۆ خزمەتی ئافرەت دوای دیراسەتکردنیان دەبنە بەرنامـــەی کارم، ئەو کار و پرۆژانەی کە ئاماژەمان پێنەکردووە، مانای ئەوە نییە کە ناکرێن و بیرمان لێیان نەکردۆتەوە، دەبێ کارەکان دیراسە بکرێن جگە لەوەی پێویســـتیمان بە داتا هەیە پێویستییەکی زۆریشمان بە هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە بۆئەوەی تەقەبولی ئەو گۆڕانکارییانە بکات کە کاری بۆ دەکەین.**

٢١٣

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



# هەوڵدان بۆ دانانی سیستەمێکی درێژخایەنی تەندروستی


# ٧٦

٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




دەنگدان بە لیستەکانی پارتی دەنگدانە بە پێشکەوتنی کۆمەڵگە و گەشەی پەروەردە و تەندروستی و ئابووری تاک مسۆگەر دەکات. گرنگی تەواو دەدەم بە دۆسیە خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەتی کەرتی پەروەردە، چونکە بە پێشکەوتنی بواری پەروەردەیی دەتوانرێت بەشێکی گرنگ لە کێشەکان چارەسەر بکرێت . دەبێت هەوڵی پێشخستنی سیستەمی زانکۆکان بدەین بەجۆرێک کە دەرچووی زانکۆ بتوانێت وەک کادیرێک کاری پراکتیکی بکات، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێویستە ئەو خاڵە بکرێتە ئامانجێکی سەرەکی بۆ ئەوەی دەرچووی زانکۆ کەسێکی ئەکادیمی و پراکتیکی بێت.





# نەخۆشخانەی پسپۆڕی نەشتەرگەری - سەنتەری دڵ لە هەولێر

نەخۆشخانەی پسپۆڕی نەشتەرگەری ـ سەنتەری دڵ لە هەولێر چەندین بەشی گرنگ لە تاقیگا و دەرمانخانە و بانکی خوێن و ئیکۆ و تیشـــك و هۆڵی نەشتەرگەری لەخۆدەگرێت لەگەڵ بەشی نەشتەرگەری دڵ بۆ منداڵان لە نهۆمی دووەم.

ئەم نەخۆشخانەیە ڕۆژانە پێشوازی لە نەخۆشانی دڵ دەكات و پشكنین و قەستەرە و نەشتەرگەری كردنەوەی سینگ لەژێر دەستی ستافێكی پسپۆڕ و كارامەدا ئەنجام دەدرێت.

تا ئێستا ئەم خزمەتگوزارییانەی پێشكەشی هاووڵاتیان كردووە:

- لە ســـاڵی ٢٠١٣ دا ٩٨٨٩ نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەكەیان كردووە بە مەبەستی پشكنین و چارەسەركردنی نەخۆشییەكانی دڵ.
- ٨٧٨ نەخۆش نەشـــتەرگەری كردنەوەی ســـینگ و ٤١٤٤ حاڵەت سەردانی ژووری قەستەرەیان كردووە.
- ٢٥٢١ قەستەرەی دەستنیشانكردن و ١٥٠٠ قەستەرەی چارەسەركردن بۆ دانانی تۆڕ و باڵۆن لە خوێنبەرەكانی تاجی دڵدا ئەنجام دراون.
- لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ دا تا ٢٠ ی نیسان، پتر لە ٢٠١٤ نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەكەیان كردووە.
- ١٢٤٠ حاڵەتی ئەنجامدانی قەستەرەی دڵ كە ٧٩٠ قەستەرە بۆ دەستنیشانكردن و ٤٥٠ قەستەرە بۆ چارەسەركردن واتە دانانی شەبەكە و باڵۆن ئەنجامدراون.
- ٢٦٠ نەشتەرگەی كردنەوەی سینگ ئەنجامدراوە.

# مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایFDASی بەریتانی بۆ کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان

بە مەبەستی برەودان بە کوالیتی دەرمان بۆ هاووڵاتییانی هەرێم، رۆژی ١٢ ی ئەیلوولی ٢٠١٢ گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی بۆ کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان بە ناوی FDAS ئیمزاکرا. گرێبەستەکە پرۆگرامی مەشقکردن بە کارمەندانی ئاژانسی کوردستانی کۆنترۆڵی دەرمان KMCA لە هەرێم دەگرێتەوە بە مەبەستی برەودان بە لێکۆڵینەوە و توانای ئاژانسەکە بۆ دابینکردنی دەرمانی سەلامەت و کوالیتی بەرز.


٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




پەیامم بۆ خەڵکی خۆشەویستی شاری هەولێر و دەوروبەری جێبەجێکردنی کارنامەی لیستی ٧٦ ی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە خزمەت گەیاندنە بە هەموو چین و توێژە جیاجیاکانی شاری هەولێر. بەڵێن دەدەم دڵسۆزو خەمخۆربم ئەگەر متمانەتان بەدەست بێنم..




بەڵێن بە خوای گەورە دەدەم، بە ماڵە هەژارەکان و کەسوکاری شەهیدان، بە خاکی کوردستان، بە دادپەروەرانە کار بکەم، بۆ گەڕاندنەوەی شکۆمەندی بۆ هەموو کەسێک، یارمەتی هەژاران بدەم و سەردانی کاسبکاران و ئاگاداربوون لە رەوشی ژیان و ماندووبوونیان جێگەی ڕێزگرتنە.

٢١٣
ليستی پارتی ديموكراتی كوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق




## دامەزراندنی سەنتەری گواستنەوەی خوێن

لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٩/١٧ لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری گواستنەوەی خوێن کرایەوە. ئەم سەنتەرە ژمارەیەکی زۆری پسپۆڕ و کارمەندی کارامەی تایبەت بە پشکنین و نەخۆشییەکانی خوێن لەگەڵ چەندین بەشی گرنگ لەخۆدەگرێت وەکو بەشی جیاکردنەوەی خانەکانی خوێن و پلازما و خەپلەکانی خوێن.

## دانانی بەردی بناغەی سەنتەری گورچیلەی دەستکرد لە هەولێر

لە میانەی زیاتر پێشکەشکردنی خزمەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٢ ی ئاداری ٢٠١٣ بەردی بناغەی پرۆژەی دروستکردنی سەنتەری گورچیلەی دەستکرد لە شاری هەولێر بە گوژمەی ٤ ملیۆن دۆلار دانرا. ئەم سەنتەرە ٤٠ ئامێری پێشکەوتووی گورچیلەی دەستکرد لەخۆدەگرێت کە توانای شووشتنی گورچیلەیان بۆ ١٢٠ نەخۆش لە ڕۆژێکدا هەیە.

٧٦

## لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان

• دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەكی ٥٠ قەرەوێڵەیی لە قەزای رواندز
• دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەكی ١٠٠ قەرەوێڵەیی لە قەزای خەبات
• دانانی بەردی بناغەی دروستكردنی بنكەی تەندروستی جدیدە زاب.
• دانانی بەردی بناغەی دروستكردنی بنكەی تەندروستی لە شارەدێی بەحركە
• كردنەوەی نەخۆشخانەی پیرمام لە شارۆچكەی پیرمام.
• دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی گشتی لە شارۆچكەی هەریر.
• دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی نەخۆشخانەیەكی ٣٣٠ قەرەوێڵەیی لە هەولێر
• دانانی بەردی بناغەی دروستكردنەوەی بنكەی تەندروستی ئازادی لە هەولێر
• دانانی بەردی بناغەی سەنتەری نەخۆشی شەكرە لە هەولێر
• كردنەوەی بنكەی تەندروستی قەڵای نوێ لە هەولێر
• كردنەوەی بنكەی تەندروستی شادی لە هەولێر
• كردنەوەی بنكەی تەندروستی لاوان لە هەولێر
• دانانی بەردی بناغەی سەنتەری تالاسیمیا لە هەولێر.





• گرنگیدان بەكردنەوەی باخچەی ساوایان و دایەنگەی حكومی بەجۆرێك لەگەڵ رێژەی ئافرەتانی فەرمانبەر و گەڕەكەكانی شاری هەولێردا بگونجێت.
• گرنگی بەئافرەت بدرێت لەرووی ( دامەزراندن، دابینكردنی هەلی كار، پێگەیاندنی ئافرەت بۆ ئەوەی كە بتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت).
• گرنگی بە پەروەردەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان بدرێت بەوەی كە سیستمێكی تایبەتی هەبێت بۆ جیاكردنەوەیان لەیەكتری.
• دابینكردنی هۆیەكانی گواستنەوەی گشتی بۆ كەمكردنەوەی قەرەباڵغی ناو پایتەخت.
• هەوڵدان بۆ دەستەبەركردنی مافەكانی زیاتری دایكایەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی كە فەرمانبەرن و دایكن.

٢١٣
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



# هەولێر

## داهاتوویەکی پرشنگدار لە ئای‌تی و تەکنەلۆژیای نوێ



پرۆژەکانی ماستەرپلانی شاری هەولێر بەشێکیان پەیوەندیان بە ئای تی و تەکنەلۆژیای نوێیەوە هەیە. ئەو کارو ئەرکە تەکنەلۆژیانەی ئێستاکە لە پرۆژەکانی شاری هەولێر لە حاڵەتی جێبەجێکردنـدان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبنە بەشێك لە پێشکەوتنی شارەکە. دەنگدان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان زەمینە زیاتر دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی ئەم کارو پرۆژانە زیاتر پەرەیان پێ بدرێت و داهاتووی حکومەتی ئەلکترۆنی بەرەو پێشچوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێ.

**٧٦**

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان**




شانازییە خزمەتکاری دانیشتوانی خەڵکی هەولێری خۆشەویست بم و خزمەت هەولێرییەکان بکەم لەسەرجەم بوارەکان، ببمە پارێزەرێـک بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان و خەڵکی شاری هەولێر بەرەو خۆشگوزەرانی زیاتر و تەندروستی باشتر ببەم. بەڵێـن بەخانەوادە هەژارو کەم دەرامەت و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەدەم گەر متمانەیان پێدام کار بـۆ بەدیهێنانی ئـەو داخوازی و کارانە دەکەم کـە هەڵقوڵاوی قوربانیدان و ناختانە. پاراستنی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەولێرییەکان ئەرکی سەرشانمە.




دەنگدان بەپارتی واتا بەرگریکردن لەدەستکەوتەکان و ئارامی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی، هەربۆیە هەوڵ دەدەم کاری زیاتر بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانە بکەم و زیاتر بوارەکانی خزمەتگوزاریی و ئاوەدانی بەرەوپێشەوە ببەم. پارتی دیموکراتی کوردستان بەرنامەی بۆ سەرجەم بوارەکان هەیە. لەبواری خزمەتکردنی خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگەکانمان بەپاڵپشتی هاوکارانم کار بـۆ چاکسازیی دەکەم. لەداهاتوودا کار بۆ زیاتر بووژانەوەی تەواوی پارێزگای هەولێر دەکەم.



دانانـــی کامێرای چاودێریی ســـیکیوریتی لە شوێنەگشـــتییەکان، ئەمەش بۆ ســـەلامەتی وئارامـــی هاووڵاتییان و جگە لـــەوەی کەکار ئاســـانی بۆ کارو باری رۆژانـــەی هاووڵاتیان دەکات و دەبێتە هێمایەك بۆ چەسپاندنی یاسا و رێخۆشکردن بۆ حکومەتی ئەلکترۆنی.


دانانـــی بـــی پۆینتەکانی شـــاری هەولێر بە ئەدرێســـەکانی شـــەقامەکان و گەڕەکەکان بۆ سیستەمی GPS، ئەمە وەك دەستکەوتێك سەیر دەکرێت لە هەموو شارەکانی جیهاندا. سیستەمی GPS زیاتـــر بۆ ئاســـان کردنی سیســـتەمی هاتووچۆی هاووڵاتییان سوودی لێوەردەگیرێت. پرۆژەکە ئێســـتا لە قۆناغی تـــەواو بووندایە، لەم سیســـتەمەدا زمانـــی کوردیش هەیە و لەم رێگایەوە دەبینە بەشێك لە سیستەمی saygic جیهانی و ئەوکات هەولێر لە سیستەمی GPS جیهانیدا سەیر دەکرێت.

دانانی سیســـتەمی DVBTV1 بۆ پایتەخت کە بۆ کاروبـــاری راگەیانـــدن و میدیایی بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە و سەردەمیانە سوودی لێدەبیندرێـــت. کە لەرێـــگای کۆمپانیای sys ئیتاڵی جێبەجـــێ دەکرێت. هەروەك دەبینین لەم مـــاوە کەمەدا زۆرترین بەکارهێنەری هەیە تاکو ئێســـتاش بەردەوامە، جگە لەمەش ئێســـتا ئەم پرۆژەیە لە فـــراوان بوونە بۆ DVBTV2 کە هەولێـــری پایتەخت دەبێتە یەکەمین شـــوێن لە جیهاندا ئەم سیستەمە بەکار بهێنێت.



راکێشانی هێڵی میترۆ لە ناو شاری هەولێر، بەهـــۆی تەکنەلۆژیـــاو سیســـتەمی GO HOST وە کە دەتوانێت ئاسانکاری بکات لە گەیاندنی هاتووچۆی هاووڵاتیان. نیشاندانی وێنەیەکی جوان بۆ سیمای شارەکە و سەرنج راکێشانی گەشتیاری بۆ هەولێر.

دانانـــی پرۆژەی مۆنیتەرینـــگ کە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران بەکاردێت، مەبەست لەو پرۆژەیە دانانی ڕێســـایەکە بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی میدیاکاران و ڕۆژنامەنووسان بەهۆی ئەم مۆنیتەرینگەوە (بەیەکەوە ببەســـترێنەوە لە یەك تۆڕدا و ئێستا لە قۆناغی تەواوبووندایە. ئەم پرۆژەیە لە وڵاتانی وەکو ئەڵمانیاو ئەمەریکاو ئیتاڵیاو پۆڵەندا سوودی لێدەبیندرێت.



خۆڕایی کردنی ئەنتەرنێت لە شوێنە گشتیەکان و بێ بەرامبەری ڤایبەر و سکایپی لەو پرۆژە تەکنەلۆژیا و ئای تین کە ئێســـتا لە قۆناغی جێبەجێکردندان. ئەمەش ڕێگە خۆشـــکردنێکە کـــە هەولێر بە هۆی ئەنتەرنێتەوە ببەسترێتەوە بە جیهانەوە.

کەش و هەوای ئارامیـــی پایتەخت وایکردووە کە کۆمپانیای نیلســـاتی میســـری لە هەوڵی ئەوەدابێت وێســـتگەیەکی ئەلکترۆنی ئاسمانی مانگی دەســـتکرد لە هەولێر دابنێت. بۆ ئەوەی لێرەوە بەشـــێك لە پەخشـــکراوەکانی بگەیەنێتە ئاســـیای ڕۆژهەڵات کە ئەمـــەش پێگەیەکی گرنگی هەیە بۆ هەولێری پایتەخت بەگرێدانی لەگەڵ هەموو مانگە دەستکردەکانی تر.


٧٦ ✓

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




- دەنگدان بە لیستی ٧٦ ڕۆحی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی ئازادی ئاســـوودە دەکات و کوردستان لە ژێر کاریگەریی نەیاران و داگیرکەرانی ڕزگار دەکات.
- هـــەوڵ دەدەم ئیمتیازاتـــی کەرتی تایبەت و کەرتی گشـــتی وەک دەرماڵە و خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی یەکسان بکرێن.
- هەوڵ دەدەم خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و کەمئەندامانی سەنگەر و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بکەم و یەکەی نیشتەجێیان بۆ دروست بکەین.
- بەڵێـــن دەدەم لەڕێگەی ئەنجومەنـــی پارێزگاوە خزمەت بەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بکەم.

٢١٣

ليستی پارتی ديموكراتی كوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



# بۆ بەردەوامی پێشكەوتنی هونەر دەنگ بە ٧٦ دەدەین

# ٧٦


## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان





هـــەوڵ دەدەم یەکەی نیشـــتەجێبوون بۆ هـــەژار و کەمدەرامەتـــان دابین بکرێت، پێویســـتە گرنگی زیاتر بە دەرەوەی شار بدرێت لە هەموو روویەکەوە و ئاستی ژیان و خزمەتگوزارییەکان هاوســـەنگ بێت، هەروەها دایەنگە و باخچەی ســـاوایانی زیاتر لە دەرەوەی شـــار بکرێتەوە، لە بواری تەندروســـتی پێویســـتە ژمارەی بنکە تەندروســـتیی و نەخۆشـــخانەکان بەتایبەتی نەخۆشخانەی پسپۆر پەرەی زیاتری پـــێ بدرێت، کەرتی کشـــتوکاڵ پێویســـتی بە پەرەپێدانـــی زیاتر هەیە بۆیـــە کار دەکەم بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بە کشـــتوکاڵ بدرێت و بەشـــێکی زۆر لە پێداویســـتی هاووڵاتیانی شاری هەولێر دابین بکەین.




بەڵێـــن بێـــت ببمـــە داکۆکیکارێکی سەرسەختی هەولێرییەکان تاوەکو ژیانێکی ئاســـوودەو بەختەوەریان بۆ دابین بکرێت، کار بۆ هەولێرێکی قەشـــەنگترو جوانتـــرو رازاوەترو ئارامتـــر دەکەم، بایـــەخ و گرنگی بەسەرجەم شوێن و گوندو ناحیەو قەزاکانی پارێزگای هەولێر دەدەم. پێش هەموو شـــتێک راســـتگۆ دەبم لەگەڵتان و هـــەوڵ دەدەم خزمەتی لاوان و قوتابیـــان و ئافرەتـــان و مامۆستایان و مامۆستایانی ئایینی و پێشمەرگە و کاسبکارو جووتیاران و کرێـــکاران و هونەرمەنـــدان بکەم بەبێ جیاوازی.







## باکوری:


دەنگدان وەفادارییە بۆ خوێنی شەهیدەکانی کوردستان و ســەرکردەکانمان کە بە خوێنی خۆیان و ماندوبوون و خەباتی بەردەوامیان ئەمڕۆیان درووســتکرد، بۆیە هیوادارم هاووڵاتیان ئەمەیان لە یاد بێت، هەروەها داوا لە هاووڵاتیان دەکەم دەنگ بدەن بەو کەسانەی کە کار دەکەن بۆ ئاوەدانکردنی زیاتری هەولێری پایتەخت و پاك راگرتنی هەولێر و ژینگەی شــار و پەرەپێدانی شار و خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان و باشترکردنی ژیان وخۆشگوزەرانیان.

## چەتۆ نەورۆز:

وەك هونەرمەندێــك داوا لە خەڵکی کوردســـتان و خەڵکی شــاری هەولێری خۆشەویســـتی بە گشتی و هونەرمەندانی کوردســـتان بەتایبەتی دەکەم، کە لە رۆژی هەڵبژاردن بێ دوو دڵی روو لە ســـندوقەکانی دەنگــدان بکەن، چونکە بــە دەنگدانی ئێمە پێگە و ســەنگی کورد لە بەغدا بەهێزتر دەبێت و هەنگاوێك دەبێــت بۆ هێنانەدی خەونی گــەورە و پیرۆزمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش بە هەمان شێوە پێویستە دەنگ بدەین بۆ ئەوەی چۆن لە رابردوودا تا ئێستا کوردستان ئاوەدان بووە، تاکو لە داهاتووشدا شاری هەولێر بەو شێوەیەی ئێستا جوانتر و رازاوەتر و پێشکەوتووتر بێت لە هەموو روویەکەوە.

٧٦

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان**



## ناسر حەسەن:

بەر لە هەر شتێك دەڵێم دەنگدان مافێکی رەوای هەر هاووڵاتییەك و ئەركێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو هاووڵاتییەکی کوردە و پێویستە ئەم مافەی بە ویست و ئیرادەی خۆی پیادە بکات، من داوا لە هەموو هاووڵاتیان دەکەم دەنگ بەو کەسانە بدەن کە ئەم وڵاتەیان ئاوەدان کردووەتەوە و هۆکارێك بوون بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی بەردەوامی، دەنگ بەو کەسانە بدەن کە هەولێریان لە شارێکی ئاساییەوە گەیاندە ئاستێك کە لە هەموو جیهان ناوبانگی ببیسترێت و بگاتە ئاستێك کە نازناوی پایتەختی گەشتیاری پێ ببەخشرێت، لەم بارەشەوە پێموایە کاك نەوزاد هادی کەسێکی زۆر لێهاتوو و شایستەیە کە متمانەی پێ بدەن و شایەنی ئەوەیە کە هەموو لایەك دەنگی پێ بدەن، چونکە کاری زۆری بۆ هەولێر کرد و لە هەموو بوارێکدا خزمەتێکی دیار و بەرچاوی پێشکەش بەو شارە کردووە و دڵنیاین لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردن و ئەو کار و پرۆژانەی کە تا ئێستا ئەنجام نەدراون یان تەواو نەکراون تەواویان دەکات.




- کاردەکەین بۆ دەستەبەری مافی کرێکار و کاسبکاران و فەراهەمکردنی بیمەی تەندروستی بۆیان.
- کاردەکەین بۆ ئەوەی ژینگەیەکی لەبار بۆ ژیانی منداڵان بڕەخسێنین، بەتایبەتی چاودێری منداڵانی بێ سەرپەرشت بۆ باشترکردنی ژیانیان و ڕێگە لە کارکردنی منداڵان بگیرێت.
- دەبێت گرنگی زیاتر بە لاوان بدرێت و لە بوارە جیاجیاکان بەشداریان پێ بکرێ.
- هەوڵ دەدەین پێگەی ئافرەت باشتر بێت و گرنگی بە مافەکانی ئافرەت دەدەین، دایەنگە و باخچەی ساوایان بۆ منداڵانی دایکانی فەرمانبەر دروست بکەین.
- کار دەکەین بۆ چاودێری ئافرەتانی بێ کەسوکار و تەڵاقدراو و بێوەژن بۆ کەمکردنەوەی نەهامەتی و خراپی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان.





## سەعدون یونس:

وەکو سەعدون یونس بە ڕای من جوانترین و شایستە و شیاوترین لیست بۆ پارێزگای هەولێر لیستی ٧٦ی پارتییە، کە بە کردەوە سەلماندوویەتی دەتوانێت خزمەت بکات، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو کاندیدەکانی لیستەکە، بەڵام بە شایەدی هەموو لایەك دڵێم کاك نەوزاد هادی بە ماندووبوون و کاری بەردەوامی هەولێری وەك نموونەیەکی جوان پێشانی هەموو هەولێرییەك و کورد داوە، لە هەمان کاتدا بە جوانترین شێوە پیشانی هەموو جیهانیشیدا، بۆیە شیاوی دەنگ پێدانە، هیوادارم لە ماوەی داهاتوودا بایەخێکی زیاتر بە باری کەلتووری بدات لە شاری هەولێر.

## شێروان بێرکۆتی:

من وەك هونەرمەندێك پێم باشە هەموو تاکێکی کورد بچێت بۆ دەنگدان بێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیان بکەنەوە، چونکە ئەم جارە تەنیا یەك دەنگیش دەبێتە پاڵپشت و گوڵێك بۆ زیاتر جوان کردنی شارەکەمان، هەروەها هەر کەسێك لەسەر سندوقەکانی دەنگدان پێویستە بە ویژدانەوە دەنگ بداتە ئەو کەسەی کە شایستەی شاری هەولێری پایتەختی گەشتیارییە بۆ ئەوەی جوانتر بێت، خوشك و براکانم تکایە بیر لەوە مەکەنەوە کە بڵێی هیچم بۆ نەکراوە بۆیە دەنگ نادەم، بێگومان دەبێ دڵنیا بن کە بە دەنگ نەدان خۆتان زەرەرمەند دەبن ئەگەر بەم شێوەیە بیر بکەنەوە، جا هیوادارم هەر هاووڵاتییەك مافی دەنگدانی هەبێت ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان بکات و دەنگ بەو کەسانە بدەن کە شایستەن.

٧٦ ✓

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان



### هیوا سوعاد:

وەك هونەرمەند پێش هەموو شتێك پێویستە ئێمەی هونەرمەند هانی خەڵك بدەین بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد لە بەغدا، چونکە ئێمەی هونەرمەند هەمیشە پێشەنگ بووین لە رێنوێنی کردنی خەڵك و گوزارشت لە خواست و ویستەکانیان دەکەین.
دیارە لیستی ٧٦ و سەرۆکی لیستەکە بەشێوەی پراکتیکی سەلماندوویەتی کە لە خەمی خەڵکیدایە، کاك نەوزاد هادی خاوەن ئەزموونێکی زۆرە لە بەڕێوەبردنی پارێزگا و گوێی لە خەڵك گرتووە و لە هەموو بوارێکدا شاری هەولێری پێشخستووە، لەبواری هونەریشدا هەمیشە پاڵپشتی هونەرمەندان بووە، بۆیە پێویستە دەنگ بە لیستی ٧٦ و نەوزاد هادی بدەین بۆ پێشخستنی هونەری کوردی و پەرەپێدانی زیاتری شاری هەولێری خۆشەویست لە هەموو روویەکەوە.




خزمەتی چینی هەژارو کەم دەرامەت و گەڕەکە میللیەکان دەکەم، کار بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی و کارو پرۆژەکان بۆ گوندەکان و ناحیەو قەزاکانی سنووری پارێزگای هەولێر دەکەم. هەوڵ دەدەم پێشینەی کشتوکاڵی و تەواوی پێشینەکانی تر کە زۆرینەی خەڵکی کەمدەرامەت لێی سوودمەندن ماوەی پێدانەوەی درێژ بکرێتەوە.
کار بۆ دروستکردنی شاری وەرزشی دەکەم و هەوڵ دەدەم گەنجان هەلی کاریان دەست کەوێت.
شانازییە بۆ من خزمەتکارو دڵسۆزو داکۆکیکارێکی هەولێر بم .




بەو پێیەی شارەزاییم لە بواری ئەمنیدا هەیە، بۆیە بەرنامەی داهاتووم باشتر کردنی باری گوزەرانی کارمەندانی ئەمن و ئاسایش دەبێت لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە، هەروەها لە لایەنی کۆمەڵایەتیش تا بتوانم یارمەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدەم، بۆ بواری یاساش دەمەوێ سەنتەری راوێژکاری یاسایی هاندانی پارێزەران دابنێم بۆ کاری خۆبەخشانە تا بتوانین داکۆکی لە مافی کەسانی ماف خوراو بکەین.

٢١٣

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

# وەرزشکارانی شاری هەولێر دەنگ بە لیستی ٢١٣و ٧٦ دەدەن

**سەردار ئیسماعیل پاڵەوانی لەش جوانیی جیهانی:**

بۆ خزمەت کردنی زیاتری وەرزش و بەرەو پێشبردنی ئاستی وەرزشی لە کوردستان و پشتگیری زیاتری وەرزشـــکاران دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردســـتان دەدەم، چونکە لە ماوەی ڕابردووش ئەم لیستە بەبێ جیاوازی خزمەتێکی بەرچاوی بە وەرزشکارانی کوردستان کردووە.



## ٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان



### مەلەک عوبێد

**یاریزانی تایکواندۆی یانەی ئافرەتان هەولێر:**

پارتی هەمیشە پێشەنگ بووە لە خزمەت کردنی بواری وەرزشی ئافرەتان و هەموو کات هەوڵەکانی خۆی چڕ کردۆتەوە بۆخزمەت کردنی وەرزشوانان لە شارەکانی کوردستان، دڵنیاشم کاندیدانی پارتی چەندین بەرنامەی جوانیان هەیە بۆ پێشخستنی ئاستی وەرزشی ئافرەتان لە داهاتوودا، بۆیە داوا لە کچە وەرزشکاران دەکەم دەنگ بەم لیستە بدەن بۆ خزمەت کردنی زیاتری وەرزشی ئافرەتان لە سەرتاسەری کوردستان و هەر بە پێشەنگیش دەمێنێتەوە پارتی.




- پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام گرنگی بە ئافرەتان و گەنجان داوە و هەوڵی داوە کۆمەڵگە سوود لە توانا شاراوەکانیان وەربگرێت، لەبەر ئەوەی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە وزەیەکی بەهێزن.
- بایەخ دەدەین بە چاودێری تەندروستی ئەمەش نەک تەنها بە کردنەوەی نەخۆشخانە بەڵکو پێویستە پلانی زانستیمان هەبێت بۆ ئەوەی هاووڵاتی تووشی نەخۆشی نەبێت.
- پێویستە کاری زیاتر بکەین بۆ دروستکردنی پەیمانگەکانی شیاندن بە ستانداردی جیهانی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
- کاری زیاتر دەکەین بۆ ئەوەی سزای بکوژی ئافرەتان پشتگوێ نەخرێت و چیدی کەس خۆی لە یاسا بە بەرزتر نەزانێت.
- کار دەکەین بۆ ئەوەی ئافرەتان پۆستی زیاتریان پێبدرێت و توانا شاراوەکانیان لەبەڕێوەبردنی هەموو بوارەکانی کارگێڕی لە پارێزگای هەولێر دەربکەوێت.



### دیدارحامد

**گۆڵچی یانەی وەرزشیی هەولێر:**

پارتی لە ماوەی حکومڕانیی خۆی گرنگیی یەکجار زۆری بە ئاستی وەرزشی داوە لە شارەکانی کوردستان، بگرە ڕێکخراوەکانی سەر بە پارتیش بەردەوام هاوکار و پاڵپشتی وەرزشکاران بوونە، جگە لەمە پارتی هاوکارییەکی زۆری یانەکانی کوردستانی کردووە، زۆر یانە بە هاوکارییەکانی پارتی توانیویانە قۆناغی زۆر باش ببڕن، بە پیشەگەری بوونیان هەر لەسەر دەستی پارتی بووە و لە داهاتووش پارتی بە پێشەنگی دەمێنێتەوە و بۆیە دەنگیش بەم لیستە دەدەم.

٢١٣
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق






## پێشەنگ حەسەن
## یاریزانی تیپی فڕۆکەوانیی هەولێر:

پارتی هەمیشە لە خزمەتی کایەکانی ژیان بووە و لەسەر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستانیش وەرزش هاتۆتە قۆناغێکی تازە و چەندین بواری وەرزشی تازە دروست بووە، ئەویش بە پشتگیری و پشتیوانی پارتی بووە وەکو حزبێکی جەماوەری، بۆیە گرنگیدان و دادپەروەری پارتی لە وەرزشـــدا ڕەنگدانەوەی باشـــی هەیە، بۆیە وەکو گەنجان و وەرزشکاران دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین لە لیستی **٢١٣**و **٧٦**.


## ٧٦

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان



### دیدار محەمەد
### پاڵەوانی شەترەنجی نێودەوڵەتی:

وەرزش بە هەموو یارییەکانەوە بەرەو پێشچوونی باشی بە خۆیەوە بینیوە لەسەر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئێستاشدا پارتی خزمەتی وەرزشکاران و یانەکانی کوردستان دەکات بەبێ جیاوازی و بۆیە داواکارم دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن لە هەردوو لیستی ٢١٣و ٧٦.



### عەلی مستەفا
### یاریزانی تێنسی سەرمێزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق:


پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو کات پێشەنگ بووە لە خزمەت کردن بە وەرزشی جۆراوجۆر، بڕواشم وایە پشتیوانی کردنی بەردەوامی پارتی لە وەرزش ئاستی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان بەرز کردەوە، لە داهاتووشدا بە هەمان شێوە گرنگی بە وەرزشکارانی کوردستان بدرێت و ئاستی وەرزشی کوردستان بە تواناکانی خۆیان بەرز بکەنەوە، هەر بۆیە وەکو لاوێك دەنگ بەم لیستە دەدەم.




کار دەکەم بۆ بەرەوپێشبردنی کوردستان و هەولێر بەتایبەتی، بەردەوام دەبم بۆ خزمەتکردنی هەولێرو دەوروبەری، بەپاڵپشتی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکەم بۆ ئەوەی هەولێر ئارامترو جوانترو قەشەنگتر بێت، هەولێر دەکەینە پایتەختی پەرەپێدان و کار بۆ باشترکردن و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی زیاتری خەڵکی هەولێر دەکەین.





بەڵێن دەدەم کە شەوو ڕۆژ بخەمە سەر یەک لەپێناو خزمەتکردنی هەولێردا، بەبێ جیاوازی خزمەتی هەموو چین و توێژەکان دەکەم و پارێزگاری لە مافەکانیان دەکەم و کار بۆ باشترکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و بەرزکردنەوەی باری گوزەرانی ژیانی هاوولاتیان دەکەم .
گرنگی زۆر بە کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردەو کشتوکاڵ دەدەم، خزمەتی هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگەش دەکەم .



## مزەفەر ئەکرەم

### ڕاهێنەری تیپی تایکواندۆی هەڵبژاردەی عێراق:

بۆ زیاتر خزمەت کردنی وەرزش لە کوردستان و گەشە کردنی بەردەوام و زیاتر بە پیشەگەربوونی وەرزشی کوردستان و دروست کردنی پەیوەندیی نێودەوڵەتی وەرزشی و گەشە کردنی ژێرخانی وەرزشی، دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، چونکە پارتی بەردەوام وەکو حزبێکی جەماوەری گرنگی بە هەموو کایەکانی ژیان داوە و وەرزشیش فاکتەرێکی گرنگ بوو کە پارتی خزمەتی کردووە، بۆیە دەنگ بەم لیستە دەدەم، هیوام وایە وەرزشکاران دەنگ بەم لیستە بدەن.



## ئەرسن بەشیر

### پاڵەوانی لەش جوانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان:

بۆ خزمەت کردنی زیاتری وەرزشی و ناساندنی زیاتری وەرزشی کوردستان بە دەرەوە و زیاتر بە نێودەوڵەتی بوونی وەرزش لە هەرێمی کوردستان، دەنگ بە لیستی پارتی دەدەین، پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام پاڵپشتی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان بووە بۆ سەرخستنی ئاستی وەرزشی و بەرەوپێشچوونی ئاستی وەرزشی لە تەواوی کوردستان، بۆیە دەنگدان بە لیستی ٧٦و ٢١٣زامنی زیاتر و گرنگی دانی زیاترە بە وەرزشکاران.



٧٦

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان**




- **هەوڵدەدەم بۆ سەربەخۆبوونی لایەنی ئابووری ئافرەت، چونکە ئەگەر ئافرەت لە ڕووی ئابووری و داهاتەوە سەربەخۆ نەبێت، ناتوانێت لە ژێردەستەیی یەکجارەکی رزگاری بێت.**
- **ئافرەتی رۆشنبیر و بەتوانا یەکسانە بە نەوەیەکی رۆشنبیر و خاوەن توانا، بۆیە کاردەکەم بۆئەوەی توانا شاراوەکانی ئافرەت دەربخەم.**
- **هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی لەهەموو فەرمانگەکان دایەنگە و باخچەی ساوایانی تایبەت هەبێت، بۆئەوەی ئافرەتانی فەرمانبەر بتوانن درێژە بە کارەکانیان بدەن.**
- **هەوڵدەدەم وەزارەتی پەروەردە بە بەرنامەکانی خۆیدا بچێتەوە و سیستەمی خوێندنی قوتابخانەی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی هاوسەنگ و هاوشێوە بێت بۆ ئەوەی منداڵانی چینی هەژار و مامناوەندیش لەو سیستەمە بێبەش نەبن و چیدیکە سیستەمی خوێندنی کەرتی تایبەت و گشتی جیاوازییان نەبێت.**



## حەکیم کانەبی

### وەرزشوانی دێرینی شاری هەولێر:

وەکو وەرزشکارێکی دێرینی شاری هەولێر دەنگ دەدەم بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە مێژوویەکی پڕ سەروەری هەیە و ئاسایشی شارەکەمان بەرقەرارە، رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە خزمەت کردن بە ئاستی ورەزشی لە کوردستان و پێشکەوتنی وەرزشی لەسەر دەستی ئەو حزبە جەماوەرییە بووە و ژێرخانی وەرزشی قۆناغێکی باشی بڕیوە و ئاستی وەرزشی ئێستا زیاتر بەرەو نێودەوڵەتی بوون دەچێت پشتگیریی بەردەوامی هەیە بۆ وەرزشکاران و یانەکان بۆیە لە ڕابردوو کاری باشی بۆ وەرزشوانانی دێرین کردووە ،دڵنیاشم لە دوای هەڵبژاردنیش بەرنامەی باشی دەبێت بۆ وەرزشوانانی دێرین، بە شایستەی دەزانم کە دەنگ بە هەردوو لیستەکەی ٢١٣بۆ پەرلەمانی عێراق و ٧٦بۆ ئەنجومەنی پارێزگا بدەم.



## تیپی هونەرە میللییەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سایەی حوکمڕانیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گرنگی بە هەموو بوارەکانی هونەر داوە، ئەوەتا یەکێك لەوانە تیپی میللیی هەڵپەرکێی هەولێرە، تیپێکی چالاکی هەڵپەرکێ و شایی کوردییە، لە زۆربەی بۆنە و ئاهەنگەکاندا ئامادەن و دڵی جەماوەر خۆش دەکەن، دامەزراندنی ئەو تیپە بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە، دواتر لەسەر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت کراوە بە کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی، تا لە هەموو بۆنە و ئاهەنگەکاندا بەشداری بکەن.



## ٧٦

## لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان




بەرنامەی من بەرنامەی پارتییە کە بەرنامەیەکی دەوڵەمەندە و شایەنی ئەوەیە کاری لە سەر بکرێت، کە داکۆکی لە خەڵک دەکات، زیاتریش هەوڵ دەدەم بایەخ بە گەنجان بدەم و خزمەتیان بکەم، بەتایبەت لە بواری پەروەردە، گرنگی بە پرۆژەی خزمەتگوزاری شاری هەولێر و دەوروبەر بە قەزا و ناحیەکانیشەوە دەدەم، لە پێناو هەولێرێکی جوانتر و خۆشتر.




هەوڵدەدەم بو خزمەتکردنی شار و شارۆچکەکان بە هاوشانی سەنتەری پارێزگا بۆ ئەوەی پرۆژەکان بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت بە سەر هەموو ناوچەکاندا، لێناگەڕێم کەمتەرخەمی بکرێت لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکان، هاوکات هەوڵدەدەم پاڵپشتێکی بەردەوام بم بۆ بەرز راگرتنی بۆنە ئایینیە پیرۆزەکان.

بەڵێن دەدەم کار بکەم بۆ بەجێ گەیاندنی خاڵ بە خاڵی کارنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان.





## گەشت و گوزار
## لە کارنامە گرنگەکانی پارتیدایە

هەولێر وەك شاری گەشتیاری بۆ ساڵی (٢٠١٤) نیشانەی پێشکەوتن و داهێنانی پارتی دیموكراتی كوردستانە، کە ئەو شارەی کردە پایتەخی گەشتیاری، گەشت و گوزار یەکێکە لە گرنگترین کارنامەکانی لیستی (٧٦)ی پارتی دیموكراتی كوردستان، جگە لەوەی گرنگییەکی ئەوتۆ دەدرێ بە شوێنە گەشتیارییەکانی دەرەوەی هەولێر، وەك هاوینەهەوار و شوێنی گەشتیاریی سروشتی وەك: هاوینەهەواری گەلی عەلی بەگ، جوندیان، بێخاڵ، بە سێکوچکەی شوێنی گەشتیاری سروشتی دادەنرێن، کە رۆژانە ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران لە شارەکانی عێراق و تەنانەت لە وڵاتانی دەرەوەش سەردانی ئەو شوێنە دڵڕفێنانە دەکەن. جگە لە شوێنی گەشتیاری دروستکراو وەك پارك و باخچەی ناوشار و بە سەوزایی کردنی ناو شار و دانانی پشتێنەی سەوزیی لە چوار دەورەی هەولێر.





لە دیمەنێکـــی جوانی کەژاوەی ئۆتۆمبێلدا، خانمێکی جوان و قەشـــەنگ ئاڵای زەردی پارتی بە دەســـتەوە بوو و شۆفیریشی دەکرد، کە ناوی (مونا فایـــەق) بوو، پێم گوت دەنگت بۆ کێیـــە؟ ئەویش گوتی: بێگومان دەنگی کچە شـــەهیدێك، هەر بۆ لیســـتەکانی پارتییە و بە شانازییەوە دەنگ بەو لیستە دەدەم، کە مافی شەهیدانەی کەسوکارم بۆ دەگەڕێنێتەوە.



دڵشـــاد عەبدولمەجید، کاری فرۆشتنی ئاڵای جۆراوجۆرە، گوتی: زۆربەی خەڵك ئاڵای پارتی داوا دەکەن، بە ڕێژەیەکی زۆریش بازاڕی هەیە، هەروەها خۆم بەخۆشـــحاڵ دەزانم کە دەنگم بۆ لیســـتی (٧٦)ی پارتی دەبێ، ئەوە جگە لەوەی ئارمی پارتی دیموکراتی کوردســـتان بەســـەر مل و شـــانمەوە دەبینن!



(دیار ئیبراهیم کەریم) خاوەنی (ســـەمونخانەی شێروانی) پڕ بەدڵ گوتی: بێگومان لە ســـایەی ڕەوشی پڕ سەقامگیری و بەرقەراری ئاسایشدا دەنگم بۆ هەردوو لیستی پارتی دەبێ، لە سایەی حوکمڕانی ئەو پارتەدا، ئیشەکەم باشـــە و ئەگەر لە شـــارێکی دیکەی عێراق بوومایە، ئەو کارەم بۆ نەدەکرا، بۆیە دەنگ بەو لیستە دەدەم.



ئـــەو منداڵە جوانە ناوی میهرەبانە، لەلایـــەن باوکی و دایکییەوە ئاڵایەکی جوانی پارتی لەسەری بەستراوە، زوو زوو خۆی دەچێ ئاڵای پارتی دەهێنێ بە دایکی یان باوکی دەڵێ ئەوەم دەوێ، ئەوانیش دەزانن مەبەســـتی ئەوەیە لەسەری بکەن، هەر بۆیە جگە لەو منداڵە جوانە، هەر یەکە لە دایك و باوکی ئامادەن تا لە ڕۆژی دەنگدان پاڵپشت و پشتگیری لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بن.

٧٦

## ليستی پارتی ديموكراتی كوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان



گەنجێكـــی خوێن گەرم و بـــە جلێكی جوانی كوردييـــەوە ، ئۆتۆمبێلەكەی بە ئاڵای پارتی رازاندبۆوە، كە ناوی (توانا خەسرەو)بوو ئەويش گوتی: پارتيم پێ باشترين حزبە، لە مێژووی كوردايەتيـــدا خەباتێكی بـــێ وچانی هەيە و دڵنيـــام لەوەی دوارۆژم دابيـــن دەكات و بۆيە دەنگ بە پارتی ديموكراتی كوردســـتان دەدەم، هيوای دوا رۆژی گەنجانە !




پەيامی من پەيامی ئاشتی و تەبايی و پێكەوەژيانـــە و خزمەتكردنـــی هەموو چيـــن و توێژەكانـــە بەبێ جياوازی، هەموو كات خەڵكی ناوچە جۆراوجۆرەكانی پارێزگای هەولێرو ســـەرجەم گـــەڕەك و ناوچەكانـــم بەكەس و ماڵی خۆم زانيوە و وەكو يەک بۆيان تێدەكۆشم بۆ پاراستنی ئەو ئارامی و ئاسايشـــەی ئێســـتا لەكوردســـتاندا هەيـــە، بەڵێنتان پێدەدەم كار بۆ باشتركردنی بژێوی ژيانی هەموو هاووڵاتيان دەكەم.



ئەوەی رێگەی بە شەقامی ئيسكان كەوتبێ، بێگومان چـــا خۆش و بـــە رەزووەكەی كاكە (حەبيب)ی چايچـــی دەبينێ، ئەو چايچييە گوتی : دەنگ بەو ليســـتە دەدەم، لە سايەی پارتيـــدا كارێكی پڕ جەماوەرم هەيە و ژيانمان خۆشە و خەڵك ئاســـوودەيە، دەنگيشم هەر بۆ ليستی پارتی ديموكراتی كوردستان دەبێت.




هەوڵ دەدەم كارنامەی ليســـتی ٧٦ی پارتی جێبەجێ بكـــەم، هەوڵ دەدەم پرۆژەكان شـــارۆچكە و گوندەكانی هەولێريـــش بـــە هەمـــان شـــێوەی سەنتەری شار پێشبكەون و ئاوەدانی زياتـــر بيگرێتـــەوە، بەتايبەتـــی پرۆژەكانی وەبەرهێنان و دابينكردنی يەكـــەی نيشـــتەجێ بـــوون بۆ كرێ نيشـــينان و گرنگيدان بە پيشـــينەی هاوسەرگيری.
هەوڵ دەدەم بنكەی رۆشنبيری زياتر بۆ دەوروبەری شار دابين بكرێت تاكو لاوەكانمان بتوانن توانا و بەهرەكانی خۆيان دەربخەن.





# کچانی زەردپۆش دەنگ بە ٧٦ و ٢١٣ دەدەن

لەلایەن بەرگدرووی (بەیروت)، کە (ئەسعەد خەیات) سەرپەرشتی و بەڕێوەی دەبات، دوو کراسی تایبەت بە لیستی پارتی دروست کردووە کە ئەو خانمە جوانە لەبەری کردووە، وەکو خۆی دەڵێ: پێشکەشی بە هەردوو لیستی پارتی (٧٦) و (٢١٣)ی دەکەم و کە لیستی ئاوەدانی و گەشەپێدانە.

٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر





حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
ب. گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی
هەولێر
THE IRAQI RECOGNITION OF ANFAL
Ali Mahmud
Erbil 2013
THE DARSIM MASSACRE
Ali Mahmud
Shakhawan Shorsh
Erbil 2013
Empire, Frontière et tribu
Le Kurdistan et le conflit de frontière turco-persan (1843-1932)
Najat ABDULLA
Erbil 2013
JACQUES DERRIDA
نووسین و جیاوازی
مۆدێرنیزم
کورد و مۆدێرنە
بەشێك لە چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١٣
هەولێر- گەڕەکی ڕاستی/ نزیك گەراجی بەغدا
باڵەخانەی بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری
ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٨٥٤١٣
بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر


خەونەكانت لە
لانـــە ســـتى
بەدیبێنە
حقق ضياء أحلامك في لانـــة ســـتي
/LanaCity
عنوان مشروع لانـــة ســـتي : اربيل - طريق ماجدي مول
بەقیستی ٣-٤ سـاڵ + بەنقدی
بأقساط ٣-٤ سنوات + بـنقد
Call Us:
0750 764 5757
0770 962 5757
LANACITY
ARYO
General Construction Ltd.Co
مـشـروع لانـة ستي
www.aryo-group.com
پـرۆژەی لانـە ستی